سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی هاوبەشی پارێزگار و جێگری پارێزگارانی عێراق دەکات

سەرۆک بارزانی: ئەگەر لە عێراقدا هەموو لایەک پابەندی دەستوور بان ئێستا عێراق لە دۆخێکی باشتر دەبوو



تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە


XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5932) پێنج شەممە 13ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بەشداری لە پرسەی داپیرەی جووتیار عادل کرد



دوێنێ چوارشەممە 2020/2/12 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەولێر بەشداری لە پرسەی (نەجیبە مەجید محەمەد) نەنکی جووتیار عادل گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

ئەنجوومەنی وەزیران هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی تاوتوێ دەکات

سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی: داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم دوور لە موزایەدە و بەکردەوە پشتگیریی لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بکەن

کار لە سەر ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەوانەش داهاتی نەوت دەکەین



فازڵ میرانی پێشوازی لە سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کرد



دوێنێ چوارشەممە 2020/2/12 لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پێشوازی لە نێچیرڤان حوسێن کەلاری سکرتێر و مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی لقەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کرد. لە دیدارەکەدا کە ئەڤین هروری ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەلاح فەیلی بەرپرسی مەلەفی قوتابیان لە دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان کۆبوونەوە ئامادەی بوون، فازڵ میرانی وێڕای بە گەرمی بە خێرهێنانی شاندی میوان، هاوکات پیرۆزبایی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێشکەشکردن بە بۆنەی یادی 67 ساڵەی دامەزراندنیان و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

لە هەولێر پانێلێکی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی عێراق و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو



لە شاری هەولێر زانکۆی لوبنانی فەرەنسی پانێلێکی بەناونیشانی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی عێراق و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ هەریەکە لە مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا بەختیار ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و ئەبوبەکر کاروانی نووسەر و سیاسەتمەدار ڕێکخست.

(زیاتر لە لا4 بخوێنەوە)

بڕیارە ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەڵمانیا بکات

د. سالح مەلا عومەر: هەرێمی کوردستان وەکو یاریکەرێکی سەرەکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رۆڵی لە سەقامگیریی ئاسایشی جیهانیدا دەبێت



هاوشێوەی ساڵانی پێشوو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان دەکات و بڕیارە ئەمڕۆ سەردانی ئەڵمانیا بکات، کە 500 سەرکردەی وڵاتان تێیدا بەشدار دەبن. چاودێرێکی سیاسیش دەڵێ، بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان لەو کۆنفرانسەدا، گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، چونکە هەرێمی کوردستان یەکێک دەبێت لە داڕێژەرانی پلانی سەقامگیریی جیهان و دەنگی کورد لە هەموو پارچەکان بە جیهان دەگەیەنرێت. مامۆستای زانستە سیاسییەکان و چاودێری سیاسی، د. سالح مەلا عومەر، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنفرانسی سالانەی میونشن، گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە گفتوگۆ دەکرێت بۆ ئەوەی سەقامگیری لە جیهاندا بێتە کایەوە و پلان دادەنرێت چۆن سەقامگیری دروست ببێت، ئەمەش نیشانی دەدات کە کەسایەتیی سەرۆکی هەرێم کاریگەری دەبێت لەسەر دانانی ئەو بەرنامە و پلانە بۆ سەقامگیری، نەک تەنها لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق، بەڵکوو لەسەر ئاستی جیهان کە وڵاتانی زلهێز بەشدارن کە چۆن پلان دابڕێژن بۆ سەقامگیری، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، هەرێمی کوردستان وەکو یاریکەرێکی سەرەکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، رۆڵی لە سەقامگیریی ئاسایشی جیهانیدا دەبێت.

مەلا عومەر دەشڵێت: دوای داعیشیش هەرێمی کوردستان یەکێک دەبێت لەوانەی پلان بۆ سەقامگیری جیهانی دادەڕێژێت، ئەمەش دەرفەتێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پەیوەندیشی لەگەڵ وڵاتان باشتر بێت و دیدار لەگەڵ سەرکردەکان لە نێوان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی وڵاتان ساز بکرێت، وەکو چۆن لە کۆنفرانسی داڤۆس ئەنجام درا. ئەو مامۆستایەی زانستە سیاسییەکان باسی لەوەش کرد، بەشداربوونی سەرۆکی هەرێم لەو کۆنفرانسەدا، وا دەکات بەرگری نەک تەنها لە مافی کورد لە هەرێمی کوردستان بکات، بەڵکوو لە هەر شوێنێک کورد هەبێت بەرگری لێ دەکات، بۆیە سەرۆکی هەرێم دەبێتە دەنگی گەلی کورد تا وڵاتان بزانن کورد سەرکوت کراوە و پێویستە مافەکانیان بدرێت، چونکە کورد سەلماندوویەتی کە هەمیشە فاکتەرێک بووە بۆ سەقامگیری.

ئەنجوومەنی وەزیران هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی تاوتوێ دەکات

سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی: داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم دوور لە موزایەدە و بەکردەوە پشتگیریی لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بکەن

کار لە سەر ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەوانەش داهاتی نەوت دەکەین



دوێنێ چوارشەمە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا.

لە کۆبوونەوەکەدا، کە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی و سەرۆکی دەستپاکی و سەرۆکی داواکاری گشتی ئامادەبیوون، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەیدا بە گرنگی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە 2ی ساڵی 2020 و گوتی ئەنجامدانی چاکسازی خواست و داوای هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و هەموو لایەنەکان بوو. بۆیە داوا لە پارت و لایەنە سیاسییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم دوور لە موزایەدە و بە کردەوە، پشتگیریی لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بکەن.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە پرۆسەی چاکسازی بەردەوام دەبێت و هەموو سێکتەرەکان دەگرێتەوە. گوتیشی هەر لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازی دارایی و کارگێڕیدا کار لە سەر ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان لەوانەش داهاتی نەوت وگاز دەکەین کە دەمانەوێت شەفاف و ڕوون بێت ، ئەمەش بەشێکە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

لە کۆبوونەوەکەدا، ئەنجوومەنی وەزیران، وەزیرەکانی ڕاسپارد کە لە ماوەی پازدە ڕۆژدا، پێشنیارەکانی خۆیان بۆ ڕەشنووسی پەیڕەوی ئاسانکاریی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ئامادە بکەن و ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەن بۆ ئەوەی بەزووترین کات بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بڕیاردرا لیژنەیەکی بااڵ بەسەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەندامێتی جێگری سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک وەزیری پەیوەندیدار پێکبهێنرێت بۆ بەدواداچوونی ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردن یاساکە.

پەروین بوڵدان: دەبێت تورکیا دەستبەجێ دەست لە سەر سووریا هەڵبگرێت

هاوسەرۆکی گشتی پارتی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)، پەروین بوڵدان ڕایگەیاند، دەبێت تورکیا دەستبەجێ دەست لە سەر سووریا هەڵبگرێت. دەبێت سووریا ڕادەستی ئیرادەی گەلانی سووریا بکرێتەوە. پەروین بوڵدان لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئەو سەربازانەی تورکیا کرد کە لە ئیدلب گیانیان لەدەستدا و گوتی: هەموومان بە چاوی خۆمان هەواڵی گیانلەدەستدانی سەربازانمان لە ئیدلب پێگەیشت. بەردەوامیی هاتنەوەی تەرمەکان لە سووریا بە تایبەت بە لێکدانەوەکانی دەسەڵاتی هاوپەیمانی ئاکەپەو مەهەپە هەموومانی خەمبار و نیگەران کردووە.

پەروین بوڵدان ڕاشیگەیاند: ئێمە پێشبینی ئەو ڕووداوە ناخۆشانەمان دەکرد بۆیە دژی یاداشتنامەی ڕەوانەکردنی هێز



وەستاینەوە بۆ سووریا، بەڵام وێڕای هۆشداریدانیش دەسەڵات گوێی لێ نەگرتین. ئەوانەی دەنگیان دا بە یاداشتانەمەکە و دژی جەنگ و پێکدادان نەوەستانەوە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بەرپرسیارن لە گیانی قوربانیان. دەبێت تورکیا دەستبەجێ دەست لە سەر سووریا هەڵبگرێت. دەبێت سووریا ڕادەستی ئیرادەی گەلانی سووریا بکرێتەوە.

هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغدا چڕتر دەکرێنەوە

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕەشنووسی چۆنیەتی پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانی لە بەغدا و پەیڕەو و ئەرکەکانی ئامادە کردووە و چەند ڕۆژێک مۆڵەت بە فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەدات. لە کۆبوونەوەی ڕۆژی سێشەمە 2020/2/11ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و سەرۆک فراکسیۆنەکان ، ڕەشنووسەکە ڕادەستی سەرۆک فراکسیۆنەکان کراوە.

بەپێی زانیارییەکان، سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ماوەی چەند ڕۆژێک مۆڵەتی بە فراکسیۆنەکان داوە بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆیان لەسەر ڕەشنووسەکە و چۆنیەتی پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانی و ئەرکەکانی ئامادە بکەن و بیگەڕێنەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. جەمال کۆچەر، سەرۆک فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە و ڕایگەیاندوە "لەم چەند ڕۆژەدا" داهاتوو پەرلەمانتارەکان ڕەشنووسەکە دەخوێننەوە و دواتر لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری کۆتایی لەبارەوە دەدرێت. جەمال کۆچەر هەروەها ڕایگەیاندوە "پێدەچێت هەفتەی داهاتوو "کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆک فراکسیۆنەکان ئەنجام بدرێتەوە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/2/13 ژمارە (5932)

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی هاوبەشی پارێزگار و جێگری پارێزگارانی عێراق دەکات

سەرۆک بارزانی: ئەگەر لە عێراقدا هەموو لایەک پابەندی دەستوور بان ئێستا عێراق لە دۆخێکی باشتر دەبوو



دوێنێ چوارشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازی لە شاندێکی هاوبەشی پارێزگار و جێگری پارێزگارانی پارێزگاکانی نەینەوا و کەرکووک و بەغدا و ئەنبار و دیوانیە و زیقار و سەلاحەددین و واست و میسان و نەجەف و کەربەلا و بەسرا و دیالی و موسەننا و هەولێر کرد.

لە دیدارەکەدا کە رێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دکتۆر سەباح ئەلدلێمی وەزیری پلاندانانی عێراق ئامادەی بوون، شاندی میوان پێزانینیان بۆ سەقامگیری و بووژانەوە و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان هەبوو و داوایان کرد ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێم بۆ پارێزگاکانی تری عێراقیش بگوازرێتەوە. هەروەها سوپاسی گەلی کوردستان و حکوومەتی هەرێمیان کرد کە لە کاتی پەلاماری تیرۆریستان و لە رۆژانی دژوارا بوونە پەناگەی سەدانەهەزار ئاوارەی عێراقی. ئامادەبوونی کۆبوونەوەکە ستاییشی رۆڵی مێژوویی سەرۆک بارزانیان کرد و وێڕای ئامارژەدان بە قەیرانی ئێستای عێراق داوایان کرد کە سەرۆک بارزانی خستەسەر ئەو هۆکارانەی کە قەیران و کێشەکانی ئێستای عێراق لێ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و گەڕاندنەوەی سەقامگیری و هیوا بۆ عێراق.

هەر لەو دانیشتنەدا سەرۆک بارزانی وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کرد و بۆچوون و تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی عێراق خستەڕوو و ڕۆشنایی خستە سەر ئەو هۆکارانەی کە قەیران و کێشەکانی ئێستای عێراق لێ کەوتوونەتەوە. سەرۆک بارزانی وێڕای ئامارژەدان بە ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان، ڕاشیگەیاند کە ئەگەر لە عێراقدا ئاشتەوایی ڕاستەقینە پەیڕەو کرا با و هەموو لایەک پابەندی دەستوور بان ئێستا عێراق لە دۆخێکی باشتر دەبوو. لە درێژەی وتەکانیدا سەرۆک بارزانی جەختی لە فەرهەنگی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی عێراق کردەوە و پەیوەست بە پەیوەندیی نێوان هەرێم و پارێزگاکانی عێراق پشتیوانیی تەواوی خۆی بۆ بەرەودانی ئەو پەیوەندییانە و کاری هاوبەش لەبواری گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوە ڕاگەیاند.

وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ خەبات:

سەرۆک بارزانی سومبولی ئازایەتی و ئاشتییە



خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

مەحەمەد حەکیم وەزیری دەرەوەی عێراق لە میانەی سەردانێکیدا بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوە و دیداری لەگەڵ سەرۆک بارزانی گەورە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات خۆشحاڵی بۆ سەقامگیری و ئاوەدانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و گوتی: سەرۆک مەسعود بارزانی سومبولی ئازایەتی و ئاشتییە لە عێراق و چارەسەرکردنی کێشەکاندا.

مەحەمەد حەکیم لەدرێژەی لێدوانە تایبەتەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی عێراق لەم بارودۆخە پڕ لەململانێیەی ولاتانی ناوچەکە و جیهان گوتی: سیاسەتی ئێمە هێشتنەوەی عێراقە لە دەرەوەی ئەو ململانێ ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەی کە بەداخەوە بەشێکی هێنراوەتە ناو عێراق و هەست دەکرێت دەیانەوێ عێراق بێتە بەشێک لەم ململانێیە، ئەوەندەی لە توانامانداا بێت کار بۆ هاوسەنگی لەپەیوەندیەکانمان دەکەین بە جۆرێک لە بەرژەوەندی عێراق و خەڵکی عێراق بێت بەگشتی.

لەبارەی هەرێمی کوردستان و ئامانجی سەردانەکەی بۆ هەرێمی کوردستان محەمەد حەکیم وەزیری دەرەوەی عێراق گوتی: هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگ و کاریگەری عێراقە و من زۆر خۆشحاڵم بەو ئاوەدانی و سەقامگیریەی لەهەرێمی کوردستان هەیە و هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد پاڵپشتێکی بەهێز و فاکتەری بەزاندنی تیرۆرستانی داعش و جێگاکردنەوە و حەواندنەوەی بەشێکی بەرچاو لەو عێراقیانە بوون کە بەهۆی تیرۆرستانی داعشەوە شوێنی خۆیان بەجێهێشت. لەبارەی ڕۆڵی سەرۆک بارزانیشەوە گوتی: سەرۆک مەسعود بارزانی هەمیشە سومبولی ئازایەتی و ئاشتی و دڵسۆزی بووە و هەموو عێراقییەکان شانازی دەکەن بە دۆستایەتی و دڵسۆزی بەڕێزیانەوە.

فازڵ میرانی پێشوازی لە سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کرد



دوێنێ چوارشەممە 2020/2/12 لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پێشوازی لە نێچیرڤان حوسێن کەلاری سکرتێر و مەکتەبی سکرتاریەت و بەرپرسی لقەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان کرد. لە دیدارەکەدا کە ئەڤین هروری ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەلاح فەیلی بەرپرسی مەلەفی قوتابیان لە دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان کۆبوونەوە ئامادەی بوون، فازڵ میرانی وێڕای بە گەرمی بە خێرهێنانی شاندی میوان، هاوکات پیرۆزبایی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی پێشکەشکردن بە بۆنەی یادی 67 ساڵەی دامەزراندنیان و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

لە کۆبوونەوەکەدا فازڵ میرانی ڕۆڵی گرنگی قوتابیانی لە خەباتی نەتەنی و پارتایەتی لە کاتی شۆڕش تا ئەمڕۆ بەرز نرخاند وەکو بارزانیی نەمر کە فەرمووی. قوتابیان سەری ڕمی شۆڕشن. گوتیشی: مافی خۆتانە شانازی بەم سەروبڕیە لە خەبات و قوربانیدان و شەهیدان بکەن کە یەکێتیی قوتابیان قوتابخانەی پێگەیاندنی هەرە زۆری سەرکردەکانە و هیچ کات ڕۆڵ و قوربانیدانیان لەبیر ناکرێت.

دواتر سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی ئامارژەی بەوەشدا کاریگەری هێزی قوتابیان لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەردەم لە سەنگەردا بوونە و بەرگریان لە شۆڕش کردووە و پارتی هەمیشە بە ستراتیژی و پلان کاری کردووە لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی گەلی کوردستان و پێشکەوتنی کوردستان لە گشت بوارەکاندا و هەمیشە پاریزەری ئەم دەستکەوتانەیە.

هەروەها گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەی شیکردەوە و قوتابیان و لاوانی کوردستان بە بەهێزترین چینی هەرێمی کوردستان ناوزەد کرد بۆ خزمەتکردنی کوردستان و بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و بەرپرسیارێتی لە ئایندەی کوردستاندا، هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسی تەئکیدی کردەوە یەکێتیی قوتابیان ئەو هێزەیە خاوەنی مێژوویەک لە تێکۆشان و قوربانیدانە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان و هەمیشە داکۆکیکەر بووە لە بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

جەبار یاوەر: بڕیاری یەکخستنەوەی پێشمەرگە بووەتە بڕیار و بەشێکە لە یاسای چاکسازی



ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، جەبار یاوەر، ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەتی ئەمەریکا مانگانە مووچەی 36هەزار پێشمەرگە دابین دەکات و هۆکاری ئەمەشی بۆ بەشداریکردنی پێشمەرگە لە شەڕی داعشدا دەگێڕێتەوە.

جەبار یاوەر ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ دەنگی ئەمەریکا، دەڵێت: ئەمەریکا و ولاتانی هاوپەیمان لە ڕووی ناردنی چەک و تەقەمەنیەوە، هاوکاری زۆری پێشمەرگەیان کردووە. جەختیشی کردووتەوە یارمەتییەکانی ئەمەریکا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە زیاتربوون لە ولاتانی تری هاوپەیمان، لە ڕووی چەکدارکردن و هاوکاری ئاسمانی و دابینکردنی خۆراک، بە تایبەت ماوەی چەند ساڵێکە بڕێک بوودجەشی بۆ مووچەی هێزەکانی پیادەی پێشمەرگە تەرخانکردووە، کە ڕۆڵیان هەبووە لە شەڕی داعشدا.

لە بەشێکی تری گفتوگۆکەیدا ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، ئاماژەی بە هەوڵەکان بۆ یەکگرتنەوە و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە کردووە و گوتوویەتی: پرۆژەیەکی 36خاڵی بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاری ڕاوێژکارانی ئەمەریکا، ئەڵمانیا، بەریتانیا و هۆڵەندا هەیە، بە تایبەت بڕیاری یەکخستنەوەی پێشمەرگە بووەتە بڕیاری فەرمی حکوومەتی هەرێم و بەشێکە لە یاسای چاکسازی.

لە هەولێر پانێڵی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی عێراق و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو

مەحموود محەمەد:

پێویستە نوێنەرانی کوردستان لەسەر بنەمای شەراکەت و تەوافوق و تەوازن بەشداری حکوومەتی عێراق بکەن

مەلا بەختیار:

شەش سەد ملیار دۆلار لە عێراق دزراوە و نیوەی بە ڕێگای جیاواز براوەتە بەریتانیا

ئەبوبەکر کاروانی:

ڕەوتی گەشەکردن لە عێراق هەمیشە لە خراپ بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە



خەبات - بڕیار کۆیی

لە شاری هەولێر زانکۆی لوبنانی فەرەنسی پانێلێکی بەناونیشانی بارودۆخی سیاسی و ئابووریی عێراق و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ هەریەکە لە مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا بەختیار ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسیی بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و ئەبوبەکر کاروانی نووسەر و سیاسەتمەدار ڕێکخست.

لە میانەی پانێلەکەدا هەر سێ بەشداربووەکە تیشکیان خستە سەر دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ناونیشانی پانێلەکە، مەحموود محەمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە دۆخی عێراق گوتی: عێراق هەندێ جار سیادەی خۆی کردووەتەوە، یان ئەسڵەن گوێ ناداتە سیادەی خۆی بۆ ئەوەی کە خەڵک بێت دەست لە کاروباریان وەرەددات، عێراق بەبێ ئەوەی ئێستا چاک ڕایبگەیەنێ و ئاشکرای بکا، دەستی لە سووریا و لوبنان و وڵاتانی دیکەدایە بەبێ ئەوەی ئەژمار بۆ سیادەی ئەو وڵاتانە بکات، بەهەمان شێوەش هەندێک وڵاتی وەکو ئێران هیچ ئەژمارێک بۆ سیادەی عێراق ناکەن و لە هەموو کایەکانی سیاسی و ئابووری، هەتا هەندێکجار کارگێڕی و کۆمەڵایەتیش دەستوەردان دەکات، ئەم ئەژمار نەکردنە کێشەیەکی گەورەی ئێستای حکومڕانییە لە عێراقدا و عێراقی گەیاندووەتە ئەم ئاڵۆزییە و پڕی کردووە لە هەڵئاوسان و قەیران.

شیعە بە چ هزر و تێزێک حکومڕانی عێراق دەکات؟

مەحموود محەمەد گوتیشی: عێراق لەناو خۆشیدا دەبێ هەڵسەنگاندێکی بابەتیانەی بۆ بکرێت ئەویش ئەوەیە، کێ حوکمی عێراق دەکات، شیعە، شیعە بە چ هزر و تێزێک حکومڕانی عێراق دەکات،یەکەم بە ئایدیۆلۆژیای شیعەگەری و دووەمیش بە تراژیدیای مێژوویی، بەم دوو تێزە حکومڕانی عێراق دەکات، بێگومان وردەکاریی زۆر هەیە لەسەر هەردوو خاڵەکە، ئەمە وای کردووە هیچ خوێندنەوەیەک بۆ دوو پێکهاتەکەی تری سەرەکی عێراق کە کورد و سوننەن نەکرێت لەم بابەتەدا ئەمە وایکردووە کە ئەم دوو پێکهاتەیە بەردەوام بە نیگەرانییەوە سەیری عێراق بکەن،چونکە ئەوان نێن بڕیار دەدەن بەو شێوازە حکومڕانی عێراق بکرێ، شیعە لەناو خۆشیدا کۆمەڵێک کێشەی هەیە کێشەی خۆی لەگەڵ ناوەندی بڕیاریان نەجەف یان قومە، هەروەها کێشەیان لەگەڵ بابەتی ویلایەتی فەقیە کە سنوور و سیادە و دەستوور ناناسێ، باشە دەبێت، ئەمە ئەو کێشانەیە کە بەردەوام ڕووبەڕووی حکومڕانی دەبێتەوە ئەوانەی کە لە حکومڕانیدا دەبێت بەلایەکدا بیشکێنن و زیاتریش بەلای شیعەگەرییەکە و ویلایەتی فەقیهدا دەیشکێنن یان شکاندووەتەوە کە ئەمەش کێشەی گەورەی بۆ ئەوان دروستکردووە.

شیعەو ترس لەرابردوو

لەباسی پێکهاتەی شیعەدا مەحموود محەمەد گوتی: شتێکی دیکە کە شیعە هەیەتی ئەویش ترسیەتی لە ڕابردوو هەشتا ساڵ خۆی بە مەحرووم دەزانێ بەڵام هەمووی خەتای سوننە و کورد و حکومڕانییەکانی عێراق نەبووە کە ئەوان مەحرووم بوون، بەڵکو بەشێک لەو فەتوایانە بووە کە خۆیان داویانە ئەوەی کە نابێ بەشداری بکەن لە حکومڕانیدا بۆ ئەوەی کێشە چارەسەر کردنی عێراق بکرێ، شیعە بە چ هزر و تێزێک حکومڕانی عێراق دەکات، ئەمە فەتوای ئایەتوڵڵا گەورەکانیانە لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو کە حکومەتی عێراق دامەزرا نابێ شیعە بەشداری بکات، تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو شیعەکان هەر حزبیشیان دروست نەدەکرد و دواتر ئەحمەکیم فەتوایەکی لەمباریەوە دەرکرد کە ئەگەر سیاسەت چۆنیەتی ئیدارەکردنی خەڵک و وڵات بێ ئێمەش سیاسەت دەکەین.

پەیوەندی نێوان سوننە و شیعە

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سوننە و شیعە مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: لەجیاتی ئەوەی کە شیعە پردە ڕووخاوەکانی نێوان خۆیان و سوننە چاک بکەن زیاتر پردەکانیان ڕووخاند و سوننەی چەند لایەنێکیان دروستکرد، هەروەها لەگەڵ کورد ئەوانەی لە حکومڕان بوون هەموویان لە هەرێمی کوردستان ژیابوون و لە سایەی پێشمەرگە توانیبوویان خۆیان وەکو بەرگری نیشان بدەن، لەبری ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ کورد بدەن، هەوڵی تێپەڕاندن و ڕاگوزەریان دەدا، ئەسڵەن هەر بابەتەکەیان پشتگوێ دەخست ئەمانە هەمووی هۆکار بوون کە هەڵئاوسانێک لە قەیران دروست بێت.

سوننەکان زۆرجار بڕیاری هەڵە دەدەن

مەحموود محەمەد لە باسی پێکهاتەی سوونەشدا گوتی: عەرەبی سوونە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ حکومڕانی ئەو وڵاتەیان کرد، ئێستاش باوەڕیان وایە کە حکوومەتی عێراق بۆ ئەوان دروستکراوە و هەر دەبێت ئەوان حکومڕان بن و خەڵکەکەی تر هەمووی بە هەڵە دەزانن کە حکومڕانیی وڵات بکات، ئەم پەرۆشییان بۆ ڕابردوویان کە حکومیان لەدەست بووە زۆرجار بڕیاری هەڵە دەدەن وەکو ئەوەی کە لەسەرەتا نووسینەوەی دەستوور نەیانویست و دروستکردنی فیدرالییەکان نەیانویست بەشداربن و ئێستاش پەشیمانن لە هەردووکی بەڵام ڕێگایان پێنادرێت.

کورد سێ ترسی هەیە

لەباسی کورددا ناوبراو ڕایگەیاند: کورد سێ ترسی هەیە، ترسی لە ڕابردوو هەیە لە ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و تەعریب و پێشێلکردنی مافەکانی، بەردەوام ئەمە لە دەروونی خەڵکی کوردستاندا هەیە، ترسی ئێستاشی هەیە ئێستا چی ڕوودەدا؟ چونکە جلەوی ئیشەکانی بەدەستی ئەوەوە نییە زۆرجار ناچار دەبێت تابع بێ لە هەندێ بابەتدا، هەروەها ترسیشی هەیە لە ئایندە چونکە ڕوون نییە، کوردیش کێشەی کەم نییە ناتەبابوونە، لە کوردستاندا کوردستانچییەتی و عێراقچییەتی هەبووە کە نابووریشەوە کێشەیەکی گەورەی بۆ عێراق دروستکردووە، ئەوەی لەسەر ئێمە وەکو کوردستان پێویستە، سیاسەتی بێلایەنی کە تاوەکو ئێستا ڕامانگەیاندووە سیاسەتێکی باشە ئێمە لەگەڵ ئێران مێژوومان بەیەکەوە هەیە و پەیوەندیمان هەیە بەڵام بەشێک نین لەو بڕیارانەی ئەوان داویانە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریکا یان هەر وڵاتێکی دیکە بەهەمان شێوە ئەمەریکا هاوکاریی ئێمەیان کردووە و پاراستوویانین بەڵام ئێمە نە لەو بڕیارانە بەشداربووین و نە ئاگاشمان لێیە کە چۆن دەیانەوێ مامەڵە لەگەڵ ئێران بکەن ئێمە دەبێ بەدەر بێن لە کێشەکە و پێویستمان بە دۆستایەتی و هاوکاریی هەردوولاشیان هەیە.

تەبایی نێوخۆیی

مەحموود محەمەد لە باسی تەبایی نێوخۆی کوردستان گوتی: تەبایی ناوخۆیی زۆر گرنگە و پێویستە پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و سیاسی و مەزهەبیمان لەوەی ئێستا کە هەیە زیاتر پەرە پێبدەین و هەوڵ بدەین ئەو بابەتە بگەیەنینە عێراقیش و لە عێراقیش پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و سیاسی و مەزهەبی هەبێ ئەمەش لە قازانجی ئێمەدایە.

چاوەڕوانیی گۆدۆ

لای خۆیەوە مەلا بەختیار ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای ئەندامی دیالۆگێک بکەین و لەسەر ئەوەش ڕێککەوتنێک بکەین ئەمە تاوەکو ئێستا وا ماوەتەوە، پێویستە ئێمە ئەوە بکەین، ئەو حکومڕانیی خراپ ورده ورده لابدەین و حکومڕانییەک لە ئاست تێگەیشتن و داواکاری خەڵک دروستبکەین و قەیرانەکان چیتر ئیداره نەدرێن و چارەسەر بکرێن و بکەوینە چارەسەر.

سیاسەتی بێلایەنی

گوتیشی پێویستە پێکهاتەکانی عێراق واز لەوە بێنن یەکتر ڕەتبکەنەوە و ئێستا عێراق بۆتە بەشێک لە قەیرانی نێوان عێراق و ئێران و کەوتۆتە ناو ئەو پاکێجەوە و ئەمە کارەکەی زۆر لە جاران قورستر کردووە و لەڕووی مەحموود لە یەکێک لە بابەتەکان شتێکی سەرنجڕاکێشم بەرچاو کەوتووە کە دەڵێت، کورد سوالّ لە سوالّکەر دەکات، عێراق بۆخۆی ئازادی نییە کەچی ئێمە داوای ئازادی لێ دەکەین، بۆخۆی نیشتمانێکی نییە کە لەسەر بنەمای سەرمایەداری تەکنەلۆجیا بونیادنرابێت، کەچی دەمانەوێت وڵاتێکی لەگەڵ دابەزرێنین، سەرەنجامی ئەو دۆخە کێشەی ئەوە نەبووە کە عێراقمان نەناسیووە. مەلا بەختیار جەختی لەوەشکردەوە کە عێراق لە سەردەمی پێش ڕووخانی زۆر باشتر بووە لەو عێراقەی کە ئێستا هەیە و گوتی: لە ڕابرووداً شەش سەد ملیار دۆلار لە عێراق دزراوە، سێ سەد ملیار دۆلار بە ڕێگای جیاواز براوەتە بەریتانیا، هیچ سێکتەرێک نادۆزیەوە کە شانازی پێ بکەیت، هەتا فڕۆکەخانەی بەغدا یەکێک لە فڕۆکەخانەکانی جیهان بوو پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، هەموو وڵاتانی خەلیج بە ئاواتبوون عێراق ببینێن، کەچی ئێستاش دەیبینین کە عێراق لە کوێ دایە.

سەرکەوتنێکی گەورەی حکوومەتی هەرێم

مەلا بەختیار تیشکی خستە سەر بارودۆخی عێراق و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و گوتی: من پێموایە هەڵەیەکی یەکجار گەورە ئەوەیە تێنەگەین کە ئێمە لەسەر بنەمای تەوازون دروستبووین، کورد و شیعە و سوننە، تا ئێستا ئامارێک نییە کە کامە زیاترە و بەپێی ئەوەی بڵاوبووەتەوە جیاوازییەکەی کەمە، بەهۆی شەڕ و ئەزموونی خەبات، ئەو سێگۆشەیە بە تەوازون ڕاگیرا نەک لەبەر ئەوەی کە عێراق گۆڕاوە بۆ دیموکراسی و پابەند دەبێت بە دەستوور، بەڵکو بە تەوازونی سیاسیی ڕامانگرتووە، کەی تێکچوو لە کوردستانیش تێکدەچێت. مەلا بەختیار گوتیشی: ئەو دوو ساڵەی حکوومەتی هەرێم تووشی پاشەکەوتی مووچە هات، ئەوەی حکوومەت بۆ پەیڕەوکردنی سیاسیەت، هەمیشە ئەو کێشەیە هەیە کە پرس بە پێکهاتەکان نەکراوە و شتێک بەناوی دەوڵەتی عێراقەوە نەبووە و نییە، بەڵکو قەوارەی سیاسیمان هەیە، دەبوایە هەموو پێکهاتە و مەزهەبەکان هەست بەوە بکەن کە مافەکانییان پێشل ناکرێت، بەڵام عێراق زەوییەکە نەبووەتە نیشتمان، عێراق هەمیشە هێزی بەکارهێناوە بۆ کێشەکانی ناوخۆ و پەیوەندی خراپ بووە لەگەڵ دراوسێکانیدا. ئەبو بەکر کاروانی گوتیشی: لە ساڵی 1958 ئەوە بنەمایانەش ڕووخان کە عێراقی لەسەر بونیادنرابوو، ڕەوتی گەشەکردن لە عێراق هەمیشە لە خراپ بەرەو خراپتر ڕۆیشتووە، لەدوای ساڵی 2003شدا، سیستەم و دەوڵەت بەتەواوی ڕووخا و ئەوانەی هاتنەوە بۆ ئەوەی مومارەسەی دەسەڵات بکەن، عەقڵی بیناکردنی دەوڵەتیان پێ نییە بەهۆی پاشخانەوە هەر بە عەقڵی غەنیمەت سەیری دەسەڵاتیان کرد و دەسەڵات شوێنێک بوو بۆ پێگە و بەهێزبوون و دەوڵەمەندبوون، بۆیە ئەم ئەقڵە توانای دەوڵەتی نییە. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئەبو بەکر کاروانی، تیشکی خستەسەر ئەوەی کە دوای ساڵی 2003 قۆناغی ڕووخانی عێراق بە یەکجارەکی دەستی پێکرد و گوتی: دوای ساڵی 2003 شتێک نەما بەناوی عێراق و دواتر گەیشتینە قۆناغی پێش شەڕی دژ بە داعش، ئەو ئابلۆقەی بەسەر کوردستان سەپێندرا ئەوە بەشێک بووە لە ڕووخانی مەسەلەکە و ئەزموونی دیموکراسی تووشی شکست بوو.

لە عێراق میلیشیا باڵادەستە

سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و کاریگەرییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، ئەبوبەکر کاروانی گوتی: عێراق کۆمەڵێک کێشەی جەوهەری هەیە، ئێمە گرێبەستی کۆمەڵایەتی و گرێبەستی سیاسیمان هەیە، بۆ چۆنیەتی و ماف بەرخۆدان کردی بارتەقای هەمووی ئەو خەباتەیە کە ئێمە لە ڕابردوودا کردوومانە، چونکە حکوومەت لە لێوارێ ڕووخان بوو، ئەو هەموو ئاوەدانی و سەقامگیرییە نەدەما، بۆیە سەرکەوتنێکی گەورەی حکوومەت لە خۆڕاگری و کێشەی مۆئامارەکان و کێشەی هاوسەنگی سێیەنە مایەوە.

قۆناغی ڕووخانی عێراق بە یەکجارەکی

هەروەها ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ئەبوبەکر کاروانی گوتی: عێراق کۆمەڵێک کێشەی جەوهەری هەیە، ئێمە گرێبەستی کۆمەڵایەتی و گرێبەستی سیاسیمان هەیە، بۆ چۆنیەتی و ماف بەرخۆدان



www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/2/13 ژمارە (5932)
خەبات

شاندێکی پارتی سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەوروپای کرد



شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد و لەلایەن رێکاردۆ، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان پێشوازی کران. شاندەکە، هەروەها لەگەڵ نوێنەرایەتیی یەکێتیی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی، سیاسی بەرپرسی و سەرجەم ئۆفیس و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد کە رۆڵێکی دیاریان هەیە لە خزمەتکردنی ئاوارەکان و هاوکاریکردنی حکوومەتی هەرێم. لە میانەی دیدارەکەدا، باس لە بارودۆخی ئێستای عێراق و کوردستان و ناوچەکە کرا و، بەرێز سیوەیلی ڕایگەیاند کە بارودۆخی ناوەڕاست و باشووری عێراق کاریگەریی نەرێنی لەسەر تەواوی عێراق هەیە و ئێمەش نیگەرانین و پاڵپشتیی تەواو لە داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران دەکەین و ئیدانەی تووندوتیژی لە دژیان دەکەین.

بەرێز ڕێکاردۆ، باسی لە گرفتەکانی بەردەم کاری نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و سوپاسی حکوومەتی هەرێمیشی کرد، کە هاوکاریی تەواوی تیمەکانیان دەکات. شاندەکەی پارتی، هەروەها سەردانی نوێنەرایەتیی یەکێتیی ئەوروپای لە هەرێمی کوردستان کرد و لەلایەن بەرێز ڤینسۆ پێشوازی کران.

هۆشیار سیوەیلی، بە ناوی سەرکردایەتیی پارتییەوە سوپاسی هاوکاری و پاڵپشتیی یەکێتیی ئەوروپای بۆ هەرێمی کوردستان کرد. لە میانەی ئەو دیدارەدا ڕەوشی ئێستای عێراق و ناوچەکە باسی لێکرا. هەڕەشە و مەترسییەکانی ناوچەکە، تەوەری سەرەکی گفتوگۆکان بوو، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتیش جەختی لە گرنگی و پێویستیی کاری هاوبەشی یەکێتی ئەوروپا و حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی کردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانە، دووپاتیشی لە سیاسەتی پارتی و حکوومەتی هەرێم کردەوە بۆ مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ هاوکاریی هێزە عێراقییەکان تاکو بتوانن بە سەرکەوتووانە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

بەرێز ڤیسێۆ، سوپاسی هەرێمی کوردستانی کرد کە توانیویەتی بەو توانا سنووردارەی جێگای ئەو هەموو ئاوارە و لێقەوماوانە بکاتەوە و ڕایگەیاند، کە ئەوان پشتگیری لە پرۆسەی چاکسازی دەکەن و ئومێدەوارن کە ئەو پرۆسەیە سەرەتای ڕێکخستنەوە و بەردەوپێشەوەچوونی زیاتری حکوومەتی هەرێم بێت بۆ خزمەتکردنی گەلی کوردستان بە شێوەیەکی باشتر. لە کۆتایی ئەو دیدارانەشدا، هەردوولا هاوڕا بوون لە بەردەوامبوون و گرنگیی ئەو دیدارانە بۆ ئامانجی هەماهەنگیی زیاتر لە بەئاگابوونی لە کاروبارەکان و هاوکاریکردنی یەکدی لە کار و ئەرکەکاندا.

ئەگەری هەیە خۆپیشاندانەکانی عێراق پرۆسەی سەرژمێریی دوابخات

وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان: لە سەرژمێریی ساڵی 1957 ڕێژەی کورد لە کەرکووک لە سەرووی سەدا 50 بووە و تورکمانیش لەسەدا 23 بووە

پێویستە ئەوانەی بە پرۆسەی تەعریب یان لەبەر بارودۆخی ئەمنیی هاتوونە ناوچەکە لەسەر شوێنی خۆیان ناونووس بکرێن

لە کۆتایی مانگی تەمووزی ساڵی 2019دا، سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند کە کۆتایی ساڵی 2020 پرۆسەی سەرژمێریی لە عێراق بەڕێوەدەچێت و تا ئێستا چەندین کۆبوونەوە لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئەنجامدراوە. لەمبارەیەوە وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دکتۆر دارا ڕەشید لە دیمانەیەکدا دەڵێت: باوەڕ ناکەم مانگی 10ی ئەمساڵ ئەنجام بدرێت بەهۆی ئەوە ئامادەکارییانەی کە پێویستە بکرێن، هەندێکی کراوە و خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییەی عێراق پرۆسەکەی دواخستووە، چونکە سەرەتا چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا و دواتر بەهۆی خۆپێشاندانەکانەوە کۆبوونەوەکان وەستا و ئێستا دەستی پێکردووەتەوە، هیوادارین بتوانین لە ساڵی 2020پرۆسەکە ئەنجام بدرێت، بەڵام باوەڕم وایە پرۆسەکە بکەوێتە کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی داهاتوو.



ئەو سەرژمێریەی ساڵی 1997 کە بەپێ هەرێمی کوردستان پرۆسەی سەرژمێریی ئەنجامدرا، دەبینین ڕێژەی کورد دابەزیووە بۆ سەدا 20 و ڕێژەی تورکمان لەسەدا 23 بووەتە سەدا 6.6 و لەبەرامبەردا ڕێژەی عەرەب بووەتە سەدا 72 بۆیە هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن پرۆسەی سەرژمێریی زیاتر سیاسیی بووە.

دکتۆر دارا ڕەشید دەشڵێت: ئەمجارە دروشمی سەرژمێرییەکە، پەرەپێدانە، دواین کۆبوونەوە کە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق تایبەتی کردبوو بەم بابەتە، ئەوا هەموو مەترسییەکانمان پێ گوتن چونکە ئەمە بەرپرسیارییەتی مێژوویی، لەبارەی ئەوەشی کە ڕاپۆرتێک لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئامادەکراوە دکتۆر دارا ڕەشید دەڵێت: لە دواین کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیری پلاندانانی عێراق، مەترسییەکانی ئەو سەرژمێرییەمان خستەڕوو لەسەر کورد، تورکمان و کریستیان و نەتەوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە پێی دەڵێن ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چونکە پێشووتر ئەزموونێکی تاڵمان هەیە لەسەر پرۆسەی سەرژمێریی، ئەگەر بگەڕێینەوە مێژووی سەرژمێرییەکان لە ساڵی 1927 تا ساڵی 1987 بە گشتی، سەرژمێریی ساڵی 1957 زیاتر کاری پێ دەکرێت، دەبینین ئەوکات لە شارێکی وەکو کەرکووک ڕێژەی کورد لە سەرووی سەدا 50 بووە، تورکمان لەسەدا 23 بووە، عەرەبە ڕەسەنەکان سەدا 26 بوون و پێکهاتەکانی دیکەش ڕێژەیەکی دیکەیان هەبووە، ئەگەر سەیر بکەین لە سەرژمێریی ساڵی 1957 تا ئەو سەرژمێرییەی ساڵی 1997 کە بەپێ هەرێمی کوردستان پرۆسەی سەرژمێریی ئەنجامدرا، دەبینین ڕێژەی کورد دابەزیووە بۆ سەدا 20 و ڕێژەی تورکمان لەسەدا 23 بووەتە سەدا 6.6 و لەبەرامبەردا ڕێژەی عەرەب بووەتە سەدا 72 بۆیە هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن پرۆسەی سەرژمێریی زیاتر سیاسیی بووە.

دکتۆر دارا ڕەشید دەشڵێت: ئەمجارە دروشمی سەرژمێرییەکە، پەرەپێدانە، دواین کۆبوونەوە کە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق تایبەتی کردبوو بەم بابەتە، ئەوا هەموو مەترسییەکانمان پێ گوتن چونکە ئەمە بەرپرسیارییەتی مێژوویی، لەبارەی ئەوەشی کە ڕاپۆرتێک لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئامادەکراوە دکتۆر دارا ڕەشید دەڵێت: لە دواین کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیری پلاندانانی عێراق، مەترسییەکانی ئەو سەرژمێرییەمان خستەڕوو لەسەر کورد، تورکمان و کریستیان و نەتەوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە پێی دەڵێن ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چونکە پێشووتر ئەزموونێکی تاڵمان هەیە لەسەر پرۆسەی سەرژمێریی، ئەگەر بگەڕێینەوە مێژووی سەرژمێرییەکان لە ساڵی 1927 تا ساڵی 1987 بە گشتی، سەرژمێریی ساڵی 1957 زیاتر کاری پێ دەکرێت، دەبینین ئەوکات لە شارێکی وەکو کەرکووک ڕێژەی کورد لە سەرووی سەدا 50 بووە، تورکمان لەسەدا 23 بووە، عەرەبە ڕەسەنەکان سەدا 26 بوون و پێکهاتەکانی دیکەیان هەبووە، ئەگەر سەیر بکەین لە سەرژمێریی ساڵی 1957 تا ئەو سەرژمێرییەی ساڵی 1997 کە بەپێ هەرێمی کوردستان پرۆسەی سەرژمێریی ئەنجامدرا، دەبینین ڕێژەی کورد دابەزیووە بۆ سەدا 20 و ڕێژەی تورکمان لەسەدا 23 بووەتە سەدا 6.6 و لەبەرامبەردا ڕێژەی عەرەب بووەتە سەدا 72 بۆیە هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن پرۆسەی سەرژمێریی زیاتر سیاسیی بووە.

دکتۆر دارا ڕەشید دەشڵێت: ئەمجارە دروشمی سەرژمێرییەکە، پەرەپێدانە، دواین کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیری پلاندانانی عێراق، مەترسییەکانی ئەو سەرژمێرییەمان خستەڕوو لەسەر کورد، تورکمان و کریستیان و نەتەوەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە پێی دەڵێن ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، چونکە پێشووتر ئەزموونێکی تاڵمان هەیە لەسەر پرۆسەی سەرژمێریی، ئەگەر بگەڕێینەوە مێژووی سەرژمێرییەکان لە ساڵی 1927 تا ساڵی 1987 بە گشتی، سەرژمێریی ساڵی 1957 زیاتر کاری پێ دەکرێت، دەبینین ئەوکات لە شارێکی وەکو کەرکووک ڕێژەی کورد لە سەرووی سەدا 50 بووە، تورکمان لەسەدا 23 بووە، عەرەبە ڕەسەنەکان سەدا 26 بوون و پێکهاتەکانی دیکەیان هەبووە، ئەگەر سەیر بکەین لە سەرژمێریی ساڵی 1957 تا

ئەوەی کە باسمان کردووە ئەوەیە کە ئالییەتێک بدۆزینەوە کە سەرژمێریی ئەنجام بدرێت، ناکرێت هەندێک بابەتی سیاسیی تێکەڵ بکرێت، پێویستە دەریچەیەک بدۆزینەوە کە سەرژمێریی لە هەموو شوێنێک ئەنجام بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تایبەتمەندییەکی پێ بدرێت لە بابەتی سەرژمێریی بەجۆرێک کە ئەوانەی خەڵکی ڕەسەنی ئەو شوێنانەن لەسەر شوێنەکانیان ناونووس بکرێن، ئەوانەیشی کە بە پرۆسەی تەعریب یان لەبەر بارودۆخی ئەمنیی هاتوونە ناوچەکە ئەوانیش لەسەر شوێنی خۆیان ناونووس بکرێن.

هەروەها لەبارەی ئەوەی کە لەسەر چ بنەمایەک خەڵکی ناوچەکان لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، وەزیری پلاندانان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دکتۆر دارا ڕەشید ڕوونی دەکاتەوە: چەند سیناریۆیەک هەیە لە سەرژمێریی ساڵی 1957 یان وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بەڵگەنامەیان هەیە، بۆ نموونە ئەوەی خەڵکی چ ناوچەیەک بووە ئەوا لە ناسنامەکەی شوێنی لەدایکبوونی هەیە و ئەگەر نیەتێک هەبێت ئەوا هەموو داتایەکمان لەبەردەستە و دەتواندرێت پرۆسەکە ئەنجام بدرێت و مافی هەموویان پارێزراو بێت. دکتۆر دارا ڕەشید دەشڵێت: ئێمە بەرگرییکارێکی هەموو پێکهاتەکانین بە تورکمان و مەسیحییەکانیش، چونکە ئەوانیش پێیانوایە کە ئەو هێزەی کورد هەیەتی، ئەوان نیانە و ئێمە دەتوانین بەرگرییان لێ بکەین، چونکە لە ڕژێمەکانی پێشووتر هەر تەنها کورد زوڵمی لێ نەکراوە، بەڵکو نەتەوەکانی دیکەی وەک تورکمان، مەسیحی، ئەرمەن و بەشێک لە عەرەبە ڕەسەنەکانی شوێنەکانیش زوڵمیان لێکراوە.

لەبارەی ئەوەشی کە لە سەرژمێریی پارێزگاکان بە سەدا 14 جێگریان کردووە، وتا نارێکییەک هەیە و بە دەستنیشانکردنی نەتەوە، دەتواندرێت ئەو بابەتە چارەسەر بکات.

شەپۆلێکی گەورەی زریان و ڕەشەبا وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە

ساسان دەرویش – هۆڵەندا: چەند ڕۆژێکە شەپۆلێکی تووندی زریان و ڕەشەبا ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی ئەوروپای گرتووەتەوە و بە سەدان گەشتی ئاسمانیشی پەکخست، هەروەها بەهۆیەوە ئاستەنگ بۆ کارکردنی شەمەندەفەر و هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی لەناو شارەکان و هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی گەورەی بارهەڵگر دروستبووە، ئەمەش بووەتە هۆی دواخستنی کار و چالاکییە وەرزشییەکان و حکوومەتی وڵاتانیش چەندان ڕێنماییان بڵاوکردووەتەوە بۆ لایەنی پەیوەندار لە دامودەزگاکانی پۆلیس و فریاکەوتن و نەخۆشخانەکان و دەزگاکانی دیکەی هاتوچۆ لەپێناو سەلامەتی هاووڵاتیان. لە ڕۆژانی شەمە و یەکشەمەی ڕابردووەوە، خێرایی ڕەشەبا 100 بۆ 120 کیلۆمەتر دەبوو لە کاتژمێرێکدا، دواتر لە شەوی شەمە بۆ یەکشەمە زیاتری کرد و کۆدی سووریش ڕاگەیەنرا لە خراپی کەوشوهەوا و پیشبینی بۆ لێکەوتەی کارەساتی خراپیش کرا کە بەهۆیەوە هاووڵاتیان ڕووبەڕووی زیانی زۆر ببنەوە. لە ڕاگەیاندنەکانی ئەوروپاش لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی ئەم شەپۆلە تووندەی زریان و ڕەشەبا و بەفربارین زەرەر و زیانێکی زۆری مادیی لە وڵاتانی ئەوروپا بەگشتی داوە، لە شکاندنەوەی پیرەدارەکانی ناو شارەکان و کەوتنی بەسەر ئۆتۆمبێلەکان و خانووەکان و تێکدانی سەربانی ماڵەکان، هەروەها حکوومەتی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا هۆشداری لە ڕووداوی نەخوازراو دەدەن. ئەمەش لەکاتێک دایە کە هەرێمی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەدەر نەبوون لە شەپۆلی سەرما و بەفربارین و پەخستنی ڕێگاوبان لە ناوچە شاخاوییەکان، بەهۆی دابەزینی پلەکانی گەرمی بەشێوەیەی بەرچاو، هەر بەهۆی سەرماوە وەزارەتی پەروەردە تاقیکردنەوەی بەرایی پۆلی 12ی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان بۆ ڕۆژی شەمە دواخست و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕۆژێکی کردە پشوو بەهۆی ئەو سەرما و باران و بەفرەی کوردستانی گرتەوە.

هەرەسی بەفر لە ئێران گیانلەدەستدانی حەوت کەسی لێکەوتەوە

لە پارێزگای گیلان باکووری ئێران، بەهۆی بەفر بارین و هەرەسی بەفرەوە حەوت کەس گیانیان لەدەستدا. گوتەبێژی دەزگای هاوکاری بەپەلەی ئێران، موجتەبا خالیدی لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەڤیزیۆنی فەرمی ئێران باسی لەوە کرد کە بارینی بەفر لە پارێزگاکە کاریگەری نەرێنیی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان دروستکردووە و گوتی: لە ئەنجامی هەرەسی بەفر لە شارۆچکەی ڕوودبار سەربە پارێزگای گیلان، پێنج کەس گیانیان لەدەستداوە و لە شاری ڕەشت ناوەندی پارێزگاکەش بەهۆی دارمانی سەربانی ماڵێکەوە دوو کەس گیانیان لەدەستدا، هەروەها 78کەس بە هۆی کەوتنەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون. لە پارێزگاکانی گیلان، مازەندەران، ئەردەبیل، ئازەربایجانی خۆرهەڵات، ئازەربایجانی خۆرئاوا و کوردستان، باکوور و باکووری خۆرئاوای ئێران، ماوەی هەفتەیەکە کەشوهەوایەکی سارد و بارینی بەفر ناوچەکەی گرتووەتەوە کە لە هەندێ شوێندا ئاستی بەفری کەڵەکەبوو شەش مەتری تێپەڕاندووە و لە زۆر ناوچەشدا ڕێگای هاتوچۆ داخراوە.



*** شەنگە هاوارکاکەیی**

پێشەوا و بارزانی

د .گوڵمەر موڕادی نووسەری کتێبی "کۆماری کوردستان" دەڵێت: پێشەوا لە وەڵامی پرسیارێکی سەرهەنگ ڕەجەب عەتایی کە دادگایی دەکات، دەڵێت: دڵنیابن دەستتان ناگاتە ئالای کوردستان، ڕۆژێک دێ هەر لەو بینایەی کە منی تیا دادگایی دەکەن ئالای کوردستان دەشەکێتەوە. من ئالای کوردستانم بەبارزانی داوە لەسەر شانی ئەو لەم چیا بۆ ئەو چیا، لەم شار بۆ ئەو شار، لەم پارچە بۆ ئەو پارچە براوە تا ڕۆژێک لەبەرزاییەکانی کوردستان بشەکێتەوە. دڵنیابن ئەو ڕۆژە هەر دێ. سەقامگیری ئەم دڵنیابوونە هەمیشە ئەو فڕێبای ترسەیە کەوا پێشەوا قازی لەدڵ و دەروونی پیاوانی ڕژێمی ئێراندا ڕواند. لەڕۆژی دادگای کردنیدا ئەو دڵنیا بوونە بوو بە تێرمی مەسجێکی ئاشکرا بۆ گەلی کورد لە متمانەبوون بەخەباتی خۆرسکی کوردانە کە لەسەر دەستی پێشەوا قازی و مەلا مستەفا بارزانی لەدایکدەبێ و دەبێتە هێما لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و وەکو دروشمێکی بکەر لە ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی بۆ دەستەبەربوونی ژیانێکی پڕ شکۆ و سەروەری. جا لەو وێستگەو لەو بەرواڕ پارتی دیموکراتی کوردستان هاتە دامەزراندن و لەبری خۆ سەرقاڵکردن بەپێوەری قوتابخانە و بیردۆزە فیکرییەکانی ئایدیایی باو لەوکاتدا و لەبری بە سیاسەتکردنی ئاین و سەرقاڵکردن بە ڕەوتەکانی سەردەم و بەکارهێنانی وشەی قەبەو پڕ ئەبستراکت و موجەرد و دەربڕینی شێواو، لەبری هەموو ئەمانە پارتی دایک لەساڵی 1946 خۆرسکانە سەریهەڵدا و ڕێبازی نەتەوایەتی خورسکانە لەو کەشە تەندروستە لەدایک بوو و بوو بە نەهجێکی پەیڕەوکراو کارا و دەرئەنجامی ئەم گەشانەوەش و بۆ داکۆکیکردن لەماف و داخوازی نەتەوەی کورد شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان هەڵگیرسا.

دواتریش لەسەر دەستی بارزانیی کۆڕ بوو بەنەهجی سەربەخۆیی کوردستان، کەواتە قوتابخانەیەکی خۆرسک و ڕەسەن! وە دڵنیاین کە خۆزگەکانی پێشەوامان دێتە دی ، هەر لە تێگەیشتنی تێرمی کتێبی نەزعەتی شۆڕشگێڕی ماریفەتی کوردایەتی ڕەسەن و تا لێهاتوویی کەسایەتی تاکی کوردی و نەفەس درێژیان لە بەدیهێنانی ئاواتی گەورە. ئەم وەسیەتنامەیەو ئەم دڵنەوایی بوونە دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ خۆزگە کەڵەکەبووەکان کەوا لە ڕۆحی بەرخودان و بەرگری نەوەک تەنها لەپارچەی ڕۆژهەڵات بگرە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بگەشێتەوە.

هەرچەندە بارودۆخی کوردانی ڕۆژهەڵات لەئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری جێگای هەڵوەستە کردنە ، ئەگەر تیشکیشیان بخرێتە سەر ناگەینە دەرئەنجامێکی دڵخۆشکەر، چونکە دەسەڵاتدارانی ئەوێ هەموو ڕێگایەکی سەرکوتکردنیان بەکارهێناوە بۆ خەفەکردنی بڵێسەی کوردایەتی. تەنانەت لەڕووی تەندروستیشەوە، بۆ بێ هۆش کردنی هۆشی زیندووی کورد هەوڵیان داوە هۆشی کوردی بە ماددە هۆشبەرەکان سڕ بکەن، ئەمەش بەوالاکردنی دەرگای مامەڵەو کڕین و فرۆشتن لەبەردەمیان بۆ بەبازرگانی و ئاڵوودەبوون بەم ژەهرە کوشندەیە وەکو تلیاک و هێرۆیین و حەشیشە. بەڵام وێڕای ئەم کۆششانەش نەتەوەی نەسڕایەوە لە کورد بوون و لەخەباتی بەردەوامیش ماندوو نەبوون. دروست بوونی ئەم بارودۆخە نالەبارەش جێگای پرسیار و تێڕامان نەبووە، چونکە تاکی کورد لەتەکیدا بەهۆشیاریەکی نەتەوەیی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەدایەتییە ئەقلیمیانە بووەتەوە، ئەمەش بەهۆی بارگاویکردنی ئامرازەکانی لەناوچوونی تاکی کوردیدا هەر لەناوانخی خۆیدا مەهامی دیارە ڕوون و ئاشکرایە کە دەگەڕێتەوە بۆ ترسە لەمێژینەکەی پێشەوامان.

ئێستاش تاکی کورد بەو ئاواتە لەچاوەڕوانی شەکاوەیی ئالاکەی قازی و دەڵەتە، بێ گومان نەیارانی کورد لە کاراکردنی سیاسەتێکی ناهاوسەنگ بترازێ، هیچ بریتی بوونێکی نییە لە مەحفەلی کوردایەتییدا ناهاوسەنگی ڕاگرتنی جیاوازی یاساکان لە نێوان شارە کوردییەکان و ئەوانی دیکەدا، ڕۆحی بەرەنگاری زیدەتر دەبووژێنێتەوە لە گۆڕەپانەکەدا، چوونکە ئەگەر تاکی فارس مرۆڤ بێ، ئەوە تاکی کوردیش مرۆڤەو دەبێ لەژێر چەتری یەک یاسا کۆ بکرێنەوە. حاڵەتی ئەم نالەبارییە ئەگەر وردبینی بۆ بکرێ و بەڕاورد لەنێوان هەر دوو شاری کوردی و فارسی بکرێ، بۆ نموونە تاران و مەریوان، کە تووندترین سزای داناوە لە تاران بۆ مامەڵەکردن و فرۆشیارانی مادە هۆشبەرەکان، بەپێچەوانەش والاکردنی ئەم دەرگایە لەشارە کوردییەکان!!!

لەم سەرنجدانەدا دەگەینە دەرئەنجامێکی کۆتایی بە دڵنیایی بوون لە سەوزبوونی تۆی نوستولۆجیا لەخوێنی تاکی فارسیدا لە ترس و دڵەڕاوکێ و دڵنیابوونەکەی پێشەواش بەبارزانی و نەوەی بارزانی کەوا چ جۆرە هیمەتێکی کوردایەتی ڕووانیدوە، کە سەلیندرا هێشتا وەسیەتەکەی کارایە! بۆیە چەوساندنەوەی کوردان نەوەک لەپارچەی ڕۆژهەڵات بگرە لە هەر چوار پارچەی کوردستان هیچ ناگەیەنێ کە سزای ئاراستەکراویان یەک تاوانە کە ئەویش تاوانی کورد بوونەو بۆ یەک ئاوات ئاراستەکراون کە خوازیاری دەوڵەت و ئالای کوردین. ئەمڕۆش کوردانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان لە کەرکووک و ناوچەکانی دیکە، بەهەمان شێوە دڵنیان کەوا ئاسایش و ئارامی دڵنەوایی ئەو ناوچانە ناگەڕێتەوە، تەنها بە ئیرادەی سەرۆک بارزانی نەبێ؟ تەنها بارزانیی کۆڕ لە توانایەتی ئالای کوردستان و شکۆی ئالا بگەڕێنێتەوە بۆیان و تەنها و تەنها تەنهاش بەحیکمەتی سەرۆک بارزانی دەگەینە کەناری ئارام.

*** ماستەر لەیاسای گشتی/زانکۆی حیکمە بەیروت**

هەولێر... پارێزگاری هەولێر ناحیەی شەمامکی بەسەرکردەوە و چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریشی لە ناحییەی دیبەگە کردەوە



د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لە سەرەتای سەردانەکیدا لە ناحییەی شەمامک، لە دانیشتنێکیدا لەگەڵ بەرپرسانی ناحییە و بەرپرسانی دیکەی ئیداری و حکومی ناوچەکە، لەکەم و کوڕی و کێشە و گرفتەکانی دەڤەرەکەی کۆڵییەوە و لەلایەن ئامادەبوانەوە تیشک خرایە سەر پێویستی ناوچەکە بە فراوانکردنی قوتابخانە و کردنەوەی داینگە و دروستکردنی بنکەی تەندروستی و قیرتاوکردنی بەشێکی شەقام و کۆڵانەکانی ناحییەکە، پارێزگاری هەولێر لەلایەن خۆیەوە ئاماژەی بەوەدا وەکو پارێزگای هەولێر هەرچی لە توانامانداندا هەبێ بۆ چارەسەرکردنی کەم و کوڕییەکان و گەیاندنی خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیانی دەڤەرەکە دڵنیابن دەیکەین و دریغی لێ ناکەین.

پاشان پارێزگاری هەولێر سەردانی ناحییەی دیبەگەی کرد و لەلایەن بەرپرسانی ناحییە و بەرپرسانی دیکەی ئیداری و حکومی و پیاوماقوڵ و ڕیش سپیانی دەڤەرەکە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا، لەدانیشتنێکدا لەگەڵیان پارێزگاری هەولێر وتی: ئەمڕۆ ئێمە وەکو پارێزگای هەولێر هەردوو ناحییەی شەمامک و دیبەگەمان بەسەرکردەوە، هەم بۆ بە دواداچوونی کێشە و کەم و کوڕییەکان و هەمیش بۆ کردنەوەی بەشێک لەو پرۆژانەی کە بەشێکی لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێ بەجێ کراوە و بەشێکیشی بە سوپاسەوە لەلایەن کۆمپانیای کار جێبەجێ کراوە.

پارێزگاری هەولێر لەدرێژەی قسەکانیدا هەروەها وتی: ئەم سنورە سنورێکی زۆر گرنگە و بە تەئکید لە پلانی کاری داهاتوومانداوەکو پارێزگای هەولێر بە پشتیوانی خوا ئەگەر دۆخی دارایی بەرەو باشی بڕوات هەرچی لە توانامانداا هەبێت و هەرچی پێمان بکرێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەم سنورە و بۆ پشتیوانیکردنی ئەم سنورە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان درێغی ناکەین و لەسەر هەموو ئاست و سێکتەرەکانی ڕێگاوبان و کارەبا و ئاو و پێداویستیەکانی تری گرنگی خزمەتگوزاری وەک کەرتی پەروەردە و تەندروستی . دوای کردنەوەی هەردوو پرۆژەی یاریگای وەرزشی کەندێناوە لە ناحییەی دیبەگە و بنکەی تەندروستی گوندی حەسارۆک لەلایەن د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و شاندی یاوەری، پارێزگاری هەولێر هەر یەک لە پرۆژەکانی هۆڵی بۆنەکانی گوندی دارەخورما و خولی دورمانی ئافرەتانی ناحیەی شەمامک و کەندێناوە و بنکەی تەندروستی گوندی شێخ شێروان و یاریگای وەرزشی گوندی چل هەوێزە و بیری ئیرتیوازی و گەیاندنی تۆڕی ئاوی گوندی چل هەوێرە و تێکەڵە ڕێژکردنی شەقامی گوندی یەدیقۆ و نوژەنکردنەوەی قوتابخانەی ئامەدی ناحییەی کەندێناوە و هۆڵی بۆنەکانی گوندی خۆشناو و پرۆژەی ئاوی گوندی هێلەوە و پرۆژەی ئاوەڕێی گەڕەکی تەعجیلی نوێی لە ناحییەی شەمامک و هۆڵی بۆنەکانی ناحییەی کەندیناوە ی بەسەرکردەوە.

ڕێوڕەسمی دەرچوونی 1000 پێشمەرگە لە لیوای 80 لە سۆران بەڕێوەچوو



لە سۆران ڕێوڕەسمی دەرچوونی زیاتر لە 1000 پێشمەرگە لە لیوای هێزەکانی 80 کە پێکهاتبوو لە کچان و کوڕانی ئەو هێزە، لەلایەن هێزی کۆماندۆی کوڕان و کچانەوە بەڕێوەچوو. لە میانی بەڕێوەچوونی دەرچوونی زیاتر لە 1000 پێشمەرگە لە هێزەکانی 80 نەجات عەلی، فەرماندەی هێزەکانی 80 ڕایگەیاند: خولێکی تر لە مەشق و ڕاهێنانەکانی هێزەکانی 80 کە زیاتر لە هەزار پێشمەرگە لە لایەن بنکەی مەشقی پیادەی هەولێر مەشقیان پێکراو بەسەرکەوتوویی خولەکە کۆتایی پێهات، مەبەست لە کردنەوەی ئەم جۆرە خولانەش نەجات عەلی گوتی، پرۆسەی بە دامەزراوەیی کردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی لەشکرێکی نیزامی کە نزیکەی دوو ساڵە دەستمانکردووە بە مەشق و ڕاهێنان بە هێزەکانمان، هەروەها لەسەر ڕاهێنانی سەربازی گرنگیمان داوە بە پەروەردەی نیشتیمانی بۆ ئەوەی مۆرالی پێشمەرگە بەرز ڕابگرین و لە کاتی پێویست بتوانن بە وردیەکی بەرز بەرگری لە خاک و نیشتیمان بکەن، هەروەها هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش لە ڕابردوو سەلماندوویەتی لەشکرێکی خۆڕاگرەو توانای بەرگری کردنی هەیە لە دەستکەوکان. فەرماندەی هێزەکانی هەشتا، گوتیشی: پێشمەرگە هەردەم سیمبولی پاراستنی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بووە بەیێ جیاوازی و فاکتەری پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بووە لە کوردستان. عەلی پێشی وایە، عێراق و ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەدایە، بە تایبەت مللانێی ناوخۆیی و تائیفی ڕۆژ بەڕۆژ لەپەرەسەندن و فراوانبوون دایە، هاوکات ڕێکخراوی تیرۆریستی و هاوشێوەکانی، هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەن لەسەر تەواوی ناوچەکە، بۆیە پێی وایە، لەو دۆخەی ئێستادا ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و هاوشێوەکانی خەریکی خۆڕێکخستنەوەن و کردەوە تیرۆریستیەکانیشان لە زیادبوون دان.ناوبراو ئاماژە بە دۆخێکی سیاسی و سەربازی مەترسیدار لە عێراقدا دەکات، کە سەرەڕای مللانێی ناوخۆییەکان لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتییش، پێی وایە، چەندین گرژی و پێکدادانی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ئاراداون، بۆیە ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە هەستیاردا بکەین، ئەمەش بۆ ئەوەیە بتوانین خۆمان بپارێزین لەوهەڕەشە و مەترسیانەی لەسەر ناوچەکەدا هەیە، داواش لە هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات بەردەوامبن لەپشتیوانی کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

دهوک: سێیەمین فیستیڤالا لاوێن داهێنەر هاتە ئەنجامدان



خەبات دهوک: دوهی سێیدێ 2020/2/12 ل هولا کونفرانسا ب چاڤدێریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ و ب ئامادەبونا د.سالار ئوسمان بریکاریّ وەزارەتا ڕەوشەنبیری و لاوان و چەند بەرپرسێن حزبی و ئیداری سێیەمین ڤیستیڤالا لاوێن داهێنەر یا کو ژلایێ مالا لاوان یا سەر ب ئیکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ هاتیە ڕێکخستن هاتە ئەنجامدان.

دوێ ورسمێن ڤەکرنا ڤیستیڤالێدا پارێزگەرێ دهوکێ بناڤێ کارگێریا پارێزگەهێ دەست خوشی ل ڕێکخەرێن ڤیستیڤالێ کر وپیروزباهیا لاوێن داهێنە ر کر کو شیانە داهێنانێن باش بکەن وسەرکەفتن بو هەموو پشکدارا خواست، هەروەسا دیارکر کو پێدڤیە مروف ژخو دەست پێبکەت نەخاسمە گەنجێن جڤاکێ مە پتر خو ڕێکبێخن و ژهەموو ڕویەکیڤە کو بشێن پتر داهێنانان بکەن وپشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو ڤان جورە چالاکییان.

هەروەسا تەکەزکر کو دڤێت داهێنان پتر بهێنە ڕێکخستن و ژلایێ زانستی ژی ڤە بهێتە کونترولکرن بو وێ یەکێ زیان نەگەهنە جڤاکی هەروەسا داهێنەر بخو یێ رژد و بێهن فرەھ بیت بو وێ یەکێ بشێت داهێنانێ دچێکرنا ئالاڤ و هزرێن نوو بکەت و سەرکەفتن بو هەموو پشکدار خواست.

پاش مەیسەر نەهێلی سکرتێرێ ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ پەیڤەک خاند و سوپاسیا وان هەموو لایەنان کر یێن پشتەڤانی ل ڤیستیڤالێ کری وپیروزباهی ل هەموو پشکدارا تەکزکر کو دڤێت داهێنان پشکدار داهێنان خو بەرچاڤکرن ئەو ژی ئەڤەبون: ڕێبین عەلی ژ ئاریان مەحمود ژ مەروا فەیسەل ژ عایشە ئیسلام ژ شاکر عەبدولرەحمان ژ ئەحمەد یوسف ژ مەتین دلێر ژ ڕێگر سەعدوڵا. پاش پەنەلەکێ هزری ل دور ڕەوشا لاوان ژلایێ هەردوو بەرێزان د.سالار ئوسمان بریکاریّ وەزارەتا ڕەوشەنبیری و لاوان و عسمەت خابور ماموستایێ زانکۆیێ هاتە پێشکێشکرن وگەنگەشە ژلایێ ئامادەبویان ڤە ل سەر هەردوو بابەتان هاتنە کرن. ل دوماهیا ڤیستیڤالێ خەلات ل سەر داهێنەران هاتنە بەلافکرن.

بەئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر کۆنفرانسی سەرژمێری دانیشتوان سازکرا

خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: بەئامادەبوونی د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەکی دیکە لە بەرپرسانی ئیداری و حکومی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق و پسپۆڕان و مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ، لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵای لە هەولێر، زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک کۆنفرانسێکی لە ژێر ناونیشانی سەرژمێری دانیشتوان... هێڵەڕێی گەشەکردن بە گەواهی داتا و ئامار سازدا.

سازکردنی ئەم کۆنفرانسەی زانکۆی تیشک کە پازدەهەمین خولیەتی لەسەر ئاستی عێراق و دووەمین خولەتی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی، وەک سالانی ڕابردوو دەیان توێژینەوەی گرنگ و گفتوگۆیی زانستی و ئەکادیمی لەبارەی ئامار و سەرژمێری گشتی تێدا بەڕێوە دەچێت.

ئامانج لە سازکردنی ئەم کۆنفرانسەش دۆزینەوەی ڕێگە و پلانی سەرژمێری دانیشتوان و دەستەبەرکردنی تازەترین داتا و زانیاری و ئامارە، تا بڕیاری دروست بدرێت لەبارەی چارەسەرکردنی زۆربەی کێشە و گرفتەکان و ئەنجامی سەرژمێری ڕاستەقینە و ژمارەی دانیشتوان و یەکەکانی نیشتەجێبوون بدات لە هەموو ناوچەکانی عێراق، هەروەها توێژینەوە و گفتوگۆکانی ئەم کۆنفرانسە هاوکار دەبێت بۆ دارشتنی پلانێکی دروست کە پشت بە ژمارە و ئامارە دروستەکان دەبەستێت بۆ ئەوەی بگەن بە پلانێکی ستراتیژیی گرنگ کە لەڕێیەوە دەوڵەت بتوانێ ئاستی بژێوی باش بۆ هاوڵاتیانی دابین بکات.

حکوومەت خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەو گوندە هاوچەرخەکان لەکەرتی تایبەت وەردەگیرێتەوە



هاوچەرخانەیە کە گلەییان لە نرخ و ئاستی خزمەتگوزارییەکان هەیە. وەزارەتی شارەوانی ڕاشیدەگەیێنێت، ئەو خزمەتگوزارییانەی لە کەرتی تایبەت وەردەگیرێنەوە و دەدرێنە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، تەواوی سێکتەرەکانی دابینکردنی ئاو، کارەبا، پاککردنەوە و سەرپەرشتی باخچەکانیش دەگرێتەوە، جگە لە پاسەوان کە وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەو بڕیارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیان بکەوێتەوە. هاووڵاتییانی دانیشتووی ئەو کۆمەڵگە نوێیانەش پێشوازی لە بڕیاری وەرگرتنەوەی خزمەتگوزارییەکان لە کەرتی تایبەتەوە بۆ ژێر چاودێری و سەرپەرشتی فەرمانگەکانی شارەوانی دەکەن.

لەمەودوا پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگە و گوندە هاوچەرخەکانی نیشتەجێبوون کە بە ستیپەکان ناسراون لە کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەرەکان وەردەگیرێتەوە و لەلایەن فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە بەڕێوەدەبرێن، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هاووڵاتیانی نیشتەجێی ئەو کۆمەڵگە لەڕاگەیاندراوێکدا وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان رایگەیاند،

شەپۆلێکی بەفر بارین سەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە

بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێک لەبارەی هاتنی شەپۆلێکی دیکەی بەفرباریں بڵاوەیکاتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە، شەپۆلێکی بەفرباریں ڕوو لە ناوچەکە دەکات. سەرەتا لە ناوچە شاخاوییە سنووربییەکانی باکووری ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان بەفرباریں دەستپێدەکات. لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە کاریگەری شەپۆلی بەفر باریںەکە تەواوی ناوچەکەمان دەگرێتەوە. کەشناسی ڕاشیگەیاند، پێشبینی بەفرباریں لە سەنتەری پارێزگاکان هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کرکووک، هەڵەبجە هەیە بە ڕێژەی جیاجیا. لە هەندێک ناوچە بارانی کەم تێکەڵی بە بەفر دەباریّت. پێشبینی ئەوەش دەکات لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە کاریگەری ئەم شەپۆلە تەنها لەسەر ناوچە شاخاوییە بەرزەکان دەمێنێتەوە و لە شەوی پێنجشەممە کاریگەریەکەی بە تەواوی لاواز دەبێت، لە کاتی بەفرباریں مەودای بینین کەمدەبێتەوە. ئاستی بەفر بارینی پێشبینیکراو بۆ سەنتەری پارێزگاکان: هەولێر 10-5سم، سلێمانی 12-6سم، دهۆک 30-20سم، هەڵەبجە 15-7سم، کرکووک 5-2سم.



نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر بڕی 100ملیۆن دۆلاری پێویستە

ڕۆژانە زیاتر لە هەزار و 500 گەشتیار سەردانی قەڵای هەولێر دەکەن

نیهاد لەتیف قۆجە: ئەو باڵەخانانەی دەوری قەڵا، کە مێژووی دروستکردنیان 50 ساڵ زیاترە دەڕووخێندرێن

خەبات: هەولێر

لە ساڵی 2005قەڵای هەولێر لەلایەن ڕێکخراوی یونیسکۆوە، وەک شوێنەوارێکی جیهانی دەستنیشانکراوە، قەڵاکە ماستەرپلانی بۆ دانراوە و دانیشتوانەکەیشی قەرەبوو کراونەتەوە و دواتر دەست بە پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵا کرا و ماوەی چوار ساڵیش بەهۆی شەڕی دژبە داعش و قەیرانی دارایییەوە، کارکردن لە قەڵای هەولێر ڕاوەستا و لە ساڵی ڕابردووشەوە کارکردن دەستی پێکردووەتەوە.

سەرۆکی لێژنەی باڵای نۆژەنکردنەوە قەڵای هەولێر، نیهاد لەتیف قۆجە ڕایگەیاند کە ڕۆژانە زیاتر لە هەزار گەشتیار سەردانی قەڵای هەولێر دەکەن، بەڵام نەبوونی شوێنێک بۆ پشوودانی گەشتیاران بووەتە گرفت و ئاشکراشی دەکات کە دوو قاوەخانە و ڕێستورانێک و چەند مۆتێلێک دروست دەکەن.



دوو قاوەخانە و ڕێستورانێک و چەند مۆتێلێک لەسەر قەڵای هەولێر دروست دەکرێت



باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بڕی 860هەزار دۆلاریان بەخشی، کارکردن لەسەر قەڵای هەولێر دەستی پێکردووەتەوە و لە یەکەم هەنگاویشدا دەستمان بە نۆژەنکردنەوەی سەرشۆڕی قەڵا و نۆژەنکردنەوەی سەنتەرێکی ڕۆشنبیری مێژوویی کرد، ئومێدەوارم ئەمساڵ بتوانین شەقامی ناوەڕاستی قەڵا بەردڕێژ بکەین".

نیهاد لەتیف قۆجە ئاماژە بەوەش دەکات تا ئێستا چەند پلانێکیان جێبەجێکردووە و ئاشکرایشی دەکات کە ڕۆژانە نزیکەی هەزار و 500 گەشتیار سەردانی سەر قەڵای هەولێر دەکەن و جەختیش لەوە دەکاتەوە ئەو ژمارە گەشتیارە پێویستیان بە شوێنێک هەیە بۆ پشوودان و گوتی: تا ئێستا ئاو، زیراب و هێلی ئینتەرنێت لەژێر زەوییە، بابەتی کارەبا ماوە کە ئەویش ماوەیەکی دیکە تەواوی دەکەین، ئینجا بتوانین لە کەنار شەقامی گشتی دوو قاوەخانە و ڕێستورانت بکەینەوە چونکە ڕۆژانە نزیکەی هەزار تا هەزار و 500کەس سەردانی قەڵای هەولێر دەکات، بەڵام شوێنێک نییە کە لێی دابنیشن، بۆیە تا کۆتایی ئەمساڵ ئەگەر هیچ گرفتێک دروست نەبێت، دەگەینە ئامانجی خۆمان و بەشێکی پڕۆژەکان جێبەجێ دەکەین.

جگە لە سەرشۆر، تەکیە، مزگەوت و چەند دوکانێک، هەروەها 425خانووی قەڵای هەولێر بەسەر هەریەک لە گەڕەکەکانی تەکیە، تۆپخانە و سەرا دابەش بوون کە هەمووییان بە کەرپووچی خۆمالی و قسڵ دروست کراون و نەخشەسازییەکی مێژوویی هەیە، سەرۆکی لێژنەی باڵای نۆژەنکردنەوە قەڵای هەولێر، نیهاد لەتیف قۆجە لەبارەی پاراستنی نەخشەسازییە مێژوویی قەڵاکە گوتی: لە کۆی 425 خانوو، نزیکەی 220خانوو وەک خۆی ماوەتەوە، ئەوەی دیکە بەپێی دۆکیۆمێنتەکەی لەبەردەستمان هەیە نۆژەنی دەکەینەوە و باوەڕ ناکەم هیچ خانوویەک دیزاینەکەی دەستکاری بکرێت و هەمووی وەک دیزاینەکەی پێشووی دەمێنێتەوە.

سەرۆکی لێژنەی باڵای نۆژەنکردنەوە قەڵای هەولێر، نیهاد لەتیف قۆجە ئاشکرایشی کرد کە بۆ دروستکردنی کەرپووچەکان، کارگەیەکی تایبەت بەخۆمان هەیە کە تەنها کەرپووچ بۆ نۆژەنکردنەوەی قەڵا بە کوالیتیکی بەرز بەرهەم دەهێنێت و ئەمەش وا دەکات کە پڕۆسەی کاری نۆژەنکردەوە خێراتر بکات.

نیهاد لەتیف قۆجە لەبارەی بوودجەی پێویست بۆ تەواوکردنی ماستەر پلانەکە گوتی: ماستەر پلانەکە درێژخایەنە و بەوردی بوودجەیەک دیاریی نەکراوە، بەڵام بەپێی مەزەندەکانمان بڕی 100ملیۆن دۆلاری پێویستە تاوەکو بتوانین قەڵای هەولێر بەتەواوی نۆژەن بکەینەوە، چونکە گرفتی ئەوە هەیە کە کۆڵانەکان تەنگەبەرن و ناتوانین لە چەند شوێنێک بەیەکەوە کار بکەین، بەجۆرێک تا خانوویەک لەسەر قەڵا نۆژەندەکەینەوە دەتوانین لە خوارەوە دوو خانوو دروست بکەین.

سەرۆکی لێژنەی باڵای نۆژەنکردنەوە قەڵای هەولێر، نیهاد لەتیف قۆجە گوتیشی: لە پلانداندایە لە داهاتوودا بۆ نموونە چەند هۆتێلێکی بچووک بکەینەوە و باوەڕ ناکەم بەمزووانە بتوانین جێبەجێی بکەین، بەڵام لە شەش تا حەوت ساڵی داهاتوودا دەتوانین، چونکە قەڵای هەولێر دەبێت ببێت بە سەنتەرێکی مێژوویی گەشتیاریی.

بەپێی ماستەرپلانەکە، قەڵای هەولێر، هۆتێل، ڕێستورانت و قاوەخانەی تیادا دەبێت، جگە لە پەیمانگای ڕۆشنبیری و سەنتەرێکی جلوبەرگی کوردی، هەروەها لە سنووری شەقامی بازنەیی 30مەترى کە دەبێتە حەرەمی قەڵای هەولێر، نابێت بەرزترین باڵەخانە لە چوار نهۆم زیاتر بێت و هەریەک لە باڵەخانەکانی پارێزگای هەولێر، وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، ئەو باڵەخانانەی کە دەڕووخێندرێن، هەروەها دیزاین هەیە کە لە ژێرەوە پارکینگێک دروست دەکرێت کە توانای لەخۆگرتنی دوو هەزار و 500ئۆتۆمبێلی هەبێت، دەبێت قەڵای هەولێر بەشێوەیەک بێت کە لە دوورەوە دیاربێت.

باڵای نۆژەنکردنەوە قەڵای هەولێر، نیهاد لەتیف قۆجە گوتی: یەکێک لە ڕێنماییەکانی یونیسکۆ ئەوەیە کە ئەو باڵەخانانەی دەوری قەڵا کە مێژووی دروستکردنیان 50ساڵ زیاترە، وەک باڵەخانەی پێشووتری دادگا، باڵەخانەی ئێستای پارێزگای هەولێر، وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، ئەو شوێنانە هەمووی دەڕووخێندرێن، هەروەها دیزاین هەیە کە لە ژێرەوە پارکینگێک دروست دەکرێت کە توانای لەخۆگرتنی دوو هەزار و 500ئۆتۆمبێلی هەبێت، دەبێت قەڵای هەولێر بەشێوەیەک بێت کە لە دوورەوە دیاربێت.


هێزی واژە لە ناو زمان و پاراستنی نەتەوە



کەریم خان گوندەژوری

کەسانێکی کاربەدەست و ڕۆشنبەرگ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک شت دەکەن کە سەر تێیدا سوڕ دەمێنێت و عەقل سڕ دەکات. بۆ وێنە ئەگەر سەیری بچووکترین ئاستی عەدالەت بکەین دەبینین بۆ مالێکی **15** نەفەری و مالێکی دوو نەفەری هەر یەک بەرمیلە نەفت تەرخان دەکرێت!. بە ڕوالەت ئەمە یەکسانییە، بەڵام ئایا دەبێ بۆ مالێک لە کوێستان وەک مالێکی گەرمێن یەک بۆشکە نەفت دابنرێت؟ لێرەدا باسی بەرمیلە نەفتێک نییە بەڵکو ئەگەر خەڵکی بیانی ئەم جۆرە عەدالەتە لە ئێمە ببینن گەمەمان پێدەکەن.

با لە بابەتی عەدالەت و سوئی بەڕێوەبردن بگەڕێین و ناگێڕدرێتەوە کە چۆن بە دەستی ئەو ڕاوێژکارە خاوەن شەهادە کالێبینانە وەزالە هاتوین. بەداخەوە بەشێک لەو شێوەڕۆشنبیرانە بڕیار لە ژین و پێژینی خەڵک دەدەن. با لە گەندەڵی و تاڵان و بڕۆی ئەوان بگەڕێین، کێشە ئەوەیە هەر ئەوانە دەبنە قسەکەر و زمانی کوردیشیان تێکداوە. ئێمە داوایەکی زۆرمان نییە، قسەی ئێمە ئەوەیە لانی کەم مادام هەندێک کاربەدەست و ئەدەبی کوردییان شێواندوە. نازانم چۆن دەزانن ئاوا تێکی بدەن، ئەگەر کەسێک بیەوێ بە ئەنقەست زمان تێک بدات ئەوەی پێناکرێت. ئەم کارە جێی نیگەرانییە، چونکە ئەوڕۆ یەکێک لە کەرەستە سەرەکییەکانی نەتەوە زمان قسە نازانن با مایک دابنێن و وتار نەدەنەدەر. بەشێک لەو وەزیر و پارێزگار و ڕاگەیاندنکارانە نەک هەر ناوەرۆکی وتاریان خاڵییە لە زانست و بیر، تەنانەت وشە کوردییەکان لە سەر کاغەزیش دەشێوێنن. با ئەوان هەر بەپلە و بەپارە بن، لانی کەم قسە و نووسین بۆ لێزان و خوێندەواران لێبگەڕێن و ڕاگەیاندن و ناوەندە ئاکادیمییەکانی زمان بە شارەزایانی زمان بسپێرن. بەداخەوە یەکێک لە دیاردە شەرمهێنەکانی هەندێک دەزگا ئەوەیە کە سەرەکییەکانی نەتەوە زمان میژوونووسەکان و پێکدادان و داگیرکاری و تێکەڵاوی نەتەوەکان و بازەرگانی و... بابەتی نەژاد و نەتەوەی خوێن تەوەر ڕەنگی دۆڕاندوە، بۆ وێنە زەحمەتە بتوانین بڵێین نەژادی ئاریایی پەتی هەیە، بۆیە ئێستا پێناسەی نەتەوە زیاتر لە سەر زمان وەستاوە. ئەڵبەتە ڕەنگە لە کۆنیشدا پێکهاتەی نەتەوە لەسەر ئەستونەکی زمان بووبێت نەک خوێن. ئەم قسەیە بە ئاسانی ناسەلمێندرێت، بەڵام پێویستی بە ئاماژەیە چونکە دەبینین جگە لە خاک و ئاین و میژووی هاوبەش، ڕۆڵی زمان لە دروستبوونی زۆرێک لە دەوڵەتان، چ لە ئەروپا و چ لە دوای نەمانی ئیمپراتۆری عوسمانی، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەر بووە. لە کاتی ئێستادا ئەگەر زمان نەما ئەوا واتای نەتەوەش کاڵتر پاراو و بەهێزیان هەبوو توانیان وەک نەتەوەی میژوویی بمێننەوە. زۆر ئایدۆلۆژیا و بۆچوون هەبوون پێیانوابوو ئایین یان پێشکەوتن و پیشەسازی بابەتی نەتەوەییش کاڵ دەکاتەوە، بەڵام وێڕای ئەمەش زمانەکان نەتەوەکانیان لە توانەوە پاراست. کەواتە زمان بەشێکی سەرەکی فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوەیەکە. بەو دیدگایە، لە وڵاتانی پێشکەوتوو تا دێت گرینگیدان بە زمان زیاتر دەبێت. ئەگەر سەیری ڕێچکەی پێشکەوتنی زمانە بیانییەکان بکەین دەبینین لە سەردەمانێکدا لە نێوان دوو گوندی جیران زاراوەی ئاڵۆزتر هەبوون و وشەکان زۆرجار بە سەراوبنی بەکار دەهاتن، بەڵام بە دەرکەوتنی مەکینەی چاپ و ڕۆژنامە و... زمانی زیندووی زۆر نەتەوە پاراو و ڕاست کراوەتەوە و بە دروستبوونی یەکێتی وشە لەنێوانیان هەستی هاوبەش پتەوتر بوو و ئەدەبیاتیان پێشکەوت. بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە ئەم بزاوتە پێچەوانەیە، واتا زمانی پاراو لە کاری لە سەر بکرێت و زمانی کوردی بکرێتە زمانی زانستی. بەڵام بەداخەوە نەک هەر لە مەیدانی زانستدا زمانی کوردی لاوازە، بەڵکو لە گوتنەکانی ڕۆژانەی گەیێنەر و ڕاگەیاندنەکانیش هەڵەی زۆر دەدیترێت. بە جۆرێک کە کتێبی قوتابیان بێ هەڵە نییە. ڕۆژانە دەبینین ڕاگەیاندنەکان وشەی کوردی خراب بەکار دێنن. لێرەدا نازانین کام هەڵە ڕاست بکەینەوە. دەڵێن کابرایەک گووتی (ان الحسن و الحسین ثلاثتهما بنات قاویە) کابرای دیکە گوتی ئاخر کامەت بۆ ڕاست بکەمەوە! خسن و خسین نین حسن و حسین، ثلاثە نین اثنانن، بەنات نین بەنین، مقاویە نییە معاویەیە، جا کورِی معاویەش نین کورِی عەلین. ئەم پەتایە هەر لە ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و قوتابخانە و نامەکاریی حکوومەتدا نییە، بەڵکو ئەم نەخۆشیە لە سەر شەقامیش دەبینرێت. بە قەولی کاک ناسر حیسامی، ئەگەر دەچیە شاری هەولێر نازانی کە شارێکی کوردستانییە چونکە تابلۆیەکانی شار وشەیەک بە هەڵەش جێ دەکەوێت و پێی دەڵێن (ئیشتیباهی ڕاییج) یان هەڵەی باو، بەڵام ناکرێ هەر کەسە و دەزگایەک بە کەیفی خۆی وەستاواژە بێت و واژەوانی بکات. ئەم وشەسازییە سەرەڕۆییانە زمان ناشرین دەکات. دەیان وشەی هەڵە و ناشرینی لەو جۆرە لە باشوور دەبینرێن، بۆ نموونە یەکێک لە کانالەکان وشەی کاڕێری داناوە! بێ خەبەر لەوەی کە هەر کاتژمێرێش هەڵەیە چ بگا بەوەی کە موخەففی بکەی و دایتاشی. کاتژمێر ماددە فیزیکیەکەیە و ژمێری کات و چرکە دەکات نەک کاتی مەعنەوی. ئەگەر وابێ دەبێ بە تەقویم و ڕۆژژمێرێش بڵێین ڕۆژژێر و ساڵ ژمێرێش هەڵپاچین و بیکەینە سالژێر!. ڕەنگە ئەو کەسەی ئەم وشەی داناوە لە دەستووری زمانی کوردی شارەزا بێت بەڵام ئەویش بۆی هەیە هەڵە بکات، بۆیە پێویستە پرس و ڕاوێژ بە شارەزایان بکرێت و هاوهزری بێتە جێی تاکێرێ و تەکەبور. نموونەی هەڵە زۆرن، زۆربەی جار وشەی **بوار و وار** لێک ناکرێتەوە. بۆ وێنە دەڵێن ئەم پڕۆژەیە کەوتە **بواری** جێبەجێ کردن!!! ڕاستیەکەی ئەوەیە دەبێ بگوترێت کەوتە **واری** جێبەجێ کردن. مانای **وار و بوار** زۆر لێک جیاوازن، جۆرێک لە جۆرەکان)! بۆ نموونە ئەگەر بڵێین کارەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەنجام درا، ئەوە دەگەیێنێت کە چەند ڕێکار و شێوەیەک بۆ ئەنجامدانی کارەکە هەبووە، بەڵام ئەگەر یەک جۆرە شێوە بۆ ئەنجامدانی کارێک هەبێت نابێ بگوترێت بە شێوەیەک لە شێوەکان. جگە لەوە زۆرجار وشەی **شەپۆل** دەکرێتە شەپۆل یان بە **گەلی** کورد دەگوترێت **کەلی** کورد!!! یا وشەی **پێشێل** دەکەنە **پێشێل** و **پێشەل**! بیر لەوە ناکرێتەوە وشەی **پێشێل** پێکدێت لە (پێ + شێلان = پێشێل) واتا بە پێ شیلدراوە و مۆرادیفی بنپێ و پێپەست کردنە. یان لە میدیاکان زۆر دەبیسرێت دەڵێن **فیشەکی** لێدراوە!! بێ ئەوەی بزانن فیشەک پێکهاتووە لە (گولە و قالک و چەشنی و باڕووت). کاتێک فیشەک دەتەقێت تەنیا گولە بەر کەسەکە دەکەوێت نەک کۆی فیشەک. ئەگەر بەپێی ئەم ڕاگەیاندکارانە بێ دەبێ بە گولەی کاتیۆشا و توپ چی بگوترێت؟ بە دەیان وشەی دیکە تێبینی لەسەرە کە دەتوانین هەڵەنامەیەکی تەنزی لە سەر بنووسین. لێرەدا ئەوەندە نموونە بەسن بۆ ئەوەی قەڵەم بەدەستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بیر بکەنەوە. لە ڕاستیدا کەنالێک کە پارە و توانای مادیی و مرۆیی باشی هەیە پێویستە زیاتر گرینگی بە زمان بدات نەک زمان هەڵپەرتێوێ. پێویستە کەسانێک کە دەچنە ناو ڕاگەیاندنەکان فێری کوردی بکرێن و دەورەی زمانیان بۆ بکرێتەوە. پەیوەندیی هەبێت لە نێوان ناوەندەکانی زمان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و قوتابخانە و زانکۆکان. هەروەها پێویستە پەروەردە و فێرکردنی بااڵ و میدیاکان زیاتر گوێ لە ڕەخنەکان بگرن. لێرەدا باشترین پێشنیار بەهێزکردنی ناوەندەکانی زمان و بەهێزکردنی ئاکادیمیای زمانە لە باشووری کوردستان و ئەزموون وەرگرتنە لە وڵاتانی سەرکەوتوو.





ڕێبوار حەمەلا و شوانی

پاراستنی سەقامگیری ئەولەوییەت و کلیلی سەرکەوتن و پێشکەوتن

لە ماوەی ڕابردوو تا بە ئەمڕۆ هێزو کەسانێک ئیتر چ بە شێوەی ئاڕاستەکراویی وڵاتانی ئیقلیمی دژی کوردستان بێ یا خود، بەرژەوەندیخواز و خۆپەرست هەوڵی گرژی ناونەوە و تێکدانی ئارامی و سەقامگیری کوردستانیان داوە، لە ڕێگەی تیرۆر، هەڕەشە و تۆقاندن و پروپاگەندە ویستویانە مەڕامەکانیان جێبەجێ بکەن. پێوستە گشت هێزولایەنە سیاسیەکانی کوردستان،بەتایبەت ئەوانەی لە پاڵ ئەوانەوە هێز ومیلیشیایان هەیە و بە شێوەیەکی نایاسایی و مافیا ئاسا خۆیان حەشاردداوە، ڕووبەڕوویان ببنەوە و ڕادەستی یاسایان بکەن. چونکە ئەمڕۆ ئەوەی کوردستان و گشت دامەزراوەکانی لە ناوچەکانی تری عێراق و دەوروبەرمان جیا دەکاتەوە ئاشتی و ئارامییە، تەنانەت هەزاران کۆمپانیای بیانی و ناوخۆیی ڕوویان لە کوردستان کردووە و ئامادەن سەرمایەی زۆر بەگەڕ بخەن بەهۆی بوونی ئەو ئاسایش و ئارامییەی هەیە، کەواتە نابێ هەر کەسێک هەستا لە چرکەساتێکدا بمانگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سفر و هەموو هەرێمەکە بخاتە دڵەڕاوکێوە بۆ بەرژەوەندیی گیرفانی خۆی. ناکرێ ڕێ بە هیچ گرووپ و دەستەیەک بدرێت ئاشتی و ئارامی کوردستان بکاتە قوربانی مەرامی خۆی. بۆیە کاتێک ناوچەیەک ئاسایشی بەرقەرار نەبوو، هیچ کۆمپانیایەکی بەهێزی جیهانی و تەنانەت سەرمایەداری ناوخۆیش ئامادە نین پارەکانیان لەوێ بەگەڕ بخەن، ئەوکاتە تەنگژەی قوڵ ڕوو لەو ناوچەیە دەکات و پاشان ناسەقامگیری و کاری تێکدەرانە بەدوای خۆیدا دێنێت. ئەوە ئاشتییە دەتوانێ وا لە سەرمایە بکات بێنە وڵاتەکەت و وەبەرهێنان بکەن، پێویستە هەموومان دەستی پێوە بگرین و بە یاسا ئەو سەرکێشییانە قەدەغە بکرێت کە هەرکەس بۆی هەبێت قۆرخکاری بکات و هێزی بۆ بجووڵێنێت، ئاخر بەو جۆرە هەرگیز نابین بە خاوەنی حکوومەتیش، نەک پەرەپێدان و بەرەوپێشچوون. ئێستە جگە لەوەی کۆمەڵێک گرووپی سیاسی لە ڕێی هێزی چەکدارەوە بەردەوام هەڕەشە لە ئاشتی و ئارامیمان دەکەن، لەشکرێک بەناو نووسەر و سایت و پەیجی ساختەیشیان دروست کردووە کە هەواڵ و ڕاپۆرتی چەواشەکاری بڵاو دەکەنەوە، ئەوەش ڕێیەکی تۆرە بۆ تێکدانی ئاشتی و ئارامی وڵات، کە مەترسییەکەی هیچی لە گرووپە چەکدارەکانیان کەمتر نییە. ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، لە دەڤەری سلێمانی، گەرمیان وڕاپەڕین بەکردەیی بینراوە، کۆمەڵێک کاری تێکدەرانە، ئاژاوەگیری، تەقەکردن و کوشتن و ڕفاندنی سەروماڵی هاوڵاتیانە، کە کاریگەرییەکی نەرێنی لە سەر ژیانی ئاسایی هاوڵاتیانی ئەو دەڤەرانە و هەموو کوردستان داناوە و نموونەی هەڕە بەرچاویش تەقاندنەوەی بۆری غاز و هەروەها تەقەکردنە لە تانکەرەکانی گواستنەوەی غازی سروشتی هاوڵاتیانی کوردستان ، کە ئەمڕۆ دەبینرێت چەندە کاریگەری لە سەر ژیانی هاوڵاتیانی کوردستان دانراوە . ئەوەی گرنگە و ئەوڵەویتە بەرپرسیاریەتی گشت هێزولایەنە کوردستانییانە لە خانەقینەوە تا زاخۆ کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نەدرێت و ڕووبەڕووی هەموو هەوڵێکی تێکدەرانە ببنەوە کە ببێتە هۆی ئەوەی کاریگەری لە سەر ئاسایش و سەقامگیری کوردستان دابنێت ،چونکە هەوڵدان بۆ شێواندنی ئارامی و ئاسایشی کوردستان هێڵی سوورە.


لەئەرشیفی کاروان محەمەد سینو

لە کێڵبی (کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا)

پرۆفیسۆر ـ دکتۆر کاوس قەفتان:

بەڵێ... بارزانی تۆ سەرۆکی منی، تۆ سەرداری منی، تۆ سەروەری منی، دێم کێڵی گڵکۆکەت ماچ دەکەم، ئینجا سەر و دڵم ئاسوودەیە

زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

(قەفتان) بنەماڵەیەکی بەناوبانگ خوێندەوار ڕۆشنبیری ناسراو خەمخۆری شاری سلێمانین لە بواری خوێندن و ڕۆشنبیری ڕاژە گوزاریدا دەستێکی باڵایان هەبووە، چەندین کەسایەتیی ڕۆشنبیر سیاسی مێژوونووسی گەورەیان تێدا هەڵکەوتووە، خزمەتی نەتەوەی کوردیان کردووە. یەکێک لەو کەسایەتییە سیاسی ڕۆشنبیرە ناسراوانەی شاری سلێمانی (کەیکاوس نووری عەبدولڕەحمان)ە، کە ناسراوە بە (د. کاوس قەفتان)ە. لە ساڵی 1933 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. لە بواری خوێندنیشدا، ساڵی 1953 لە خانەی مامۆستایانی باڵا لە زانکۆی بەغدا وەرگیراوە لە ساڵی 1957 خوێندنی تەواوکردووە دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدایە. وەک مامۆستا لە ناوەندیی سلێمانی دامەزراوە. لە ساڵی 1958-1960 ئەندامی لیژنەی ناوچەی سلێمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە هاوینی 1959 بەشداریی کۆنگرەی لاوانی جیهانی کردووە لە ڕۆمانیا. لە نیسانی 1960دا چووەتە یەکێتیی سۆڤیەت بۆ خوێندنی باڵا دکتۆرای لەسەر (ڕاپەڕینی بارزانییەکان) وەرگرتووە. پرۆفیسۆر د. کاوس قەفتان لە ساڵی 1960- 1966 ئەندامی لیژنەی باڵای کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە ئەوروپا، ئەندامی باڵای ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ئەوروپا، لە ساڵی 1963 لە بەشی کوردی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی (لینیگراد) وەک تۆێژەری زانستیی دامەزراوە، تا ساڵی 1966 گەڕاوەتەوە بۆ نیشتمان لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەک مامۆستا دامەزراوە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا وازی لە کاری سیاسەت هێناوە خوی داوەتە نووسین بڵاوکردنەوە لە مەیدانی مێژووی ئەدەبدا لە بواری خوێندنیشدا مامۆستای زانکۆ بووە لە بەغدا- بەشی کوردی، دواتر گەڕێندراوەتەوە سەر کار، وەک شارەزا لە کۆڕی زانیاریی عێراق (بەشی کوردی)، دڕێژەی بە کاردا هەتا کۆتایی ساڵی 2000، کە بەیەکجاری گەڕایەوە بۆ کوردستان ء بۆ زانکۆی سلێمانی، لە بواری نووسینیشدا زیاتر لە 20 پەرتووکی لە مەیدانی مێژووی ئەدەبدا چاپ کراوە 6 پەرتووکی ئامادەیە بۆ چاپکردن. بەو مەبەستەی (پ. د. کاوس) سالانێک لە بواری سیاسەتدا کاری کردووە بارزانیی نەمریشی بینیوە ئاگاداریی زۆرێک لە ڕەوش ڕووداو کارەساتەکانە، پێموایە یەکەم کەسە لە کوردا کە (نامەی دکتۆراکەیشی لەسەر ڕاپەڕینی بارزانییەکان)ە. بە پێویستمان زانی سەردانی پرۆفیسۆر د. کاوس قەفتان بکەین و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین، هەرچەندە بەرێزیان باری تەندروستیی باش نەبوو، بەڵام گفتوگۆیەکی تێر و تەسەڵمان لەگەڵدا سازدا.

تێبینی: پێش کۆچی دوایی پرۆفیسۆر د. کاوس قەفتان، ئەم دیمانە لە گەڵی ئەنجام دراوە. بەداخەوە لە ئێوارەی 2009/3/22، پ، د. کاوس قەفتان دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.


2 و کۆتایی

*** سەبارەت بە گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق و کوردستان، لەنێوان تێکۆشانی ساڵانی بەر لە ڕزگاریشدا و دوای گەڕانەوەی لە سۆڤیەت، بۆمان دوا و گوتی:**

– کاتێک ژەنەراڵ بارزانی گەڕایەوە، لە داخوازییەکانیدا جیاوازی هەبوو لەگەڵ پێشتردا، ئەم جارە داخوازیی تازەو زۆرتری هێنایە گۆڕێ، چونکە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیش وای مەبەست بوو، ئەو دیموکراتییەتەی ئەو ماوەیەش کورد سوودی لێ وەرگرت، ئینجا کە شەڕ دەستی پێکردەوە، شەڕی ژەنەراڵ بارزانی، کورد لە دژی حکوومەتی عێراقی نەبوو، پارتی حزبێکی مونەزەم و قیادەیەکی پتەوتر بوو، نەک لەناو عەشایر دابێت و ڕێکخرابێ، بەڵکوو لە چوارچێوەی حزبێکی تۆکمەدا بوو، کە لەناو شارەکاندا ڕێکخستنێکی باشی هەبووە، بە هەزارها پێشمەرگەشیان پەروەردە کردبوو، لە هەمان کاتدا دوو هێزی لەیەک دا و یەکیان گرت، (هێزی ڕۆشنبیران و هێزی خێڵەکان) و ژەنەراڵ بارزانی سەرۆکیان بوو.

*** لەبارەی ڕۆڵی بارزانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، گوتی:**

– ژەنەراڵ بارزانی توانی کورد بکات بە نموونە، بزووتنەوەی کوردایەتی تە لای بێگانە بکات بە نموونە و تێیانبگەیەنێ، کە ئەمە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازە، بزووتنەوەیەکی مرۆڤایەتییە، بزووتنەوەیەکە پێکهێنراوە، کە میللەتێک داوای مافی ڕەوای خۆی دەکات و هیچ شتێکی دیکە نییە، بەپێچەوانەشەوە تانە و لۆمە لەو دەڵەتانە دەدات کە دان نانێن بە مافی گەلی کورددا، ئەو ڕۆڵ گێڕانەو سەرکردایەتی کردنەی بۆ ژەنەراڵ بارزانی دەگەڕایەوە، کە کێشەی کورد و کوردستانی بەتەواوی بە میللەتانی جیهان ناساند، هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، لە زۆر جێگەی دەرەوەی وڵات خەڵک کوردی نەدەناسی، بارزانییان دەناسی. بە ڕاستی ئەوەش سەروەرییە بۆ بارزانی، کە ئا بەو شێوەیە توانیویەتی ناوی خۆی و نەتەوەکەی بڵاو بکاتەوە، ئێمەش شانازیمان پێوە کرد.



ئێستا کەس ناتوانێ کورد یەک بخات، بەڵام ژەنەراڵ بارزانی توانی بەتەنیا خۆی لەو سەردەمەدا هەموو گەلی باشووری کوردستان یەک بخات و بیخاتە ژێر سایەی شۆڕشەوە. کە زۆر لە سەرکردەکانی پێش ئەو چ لە باشوور چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەیانتوانی دەناسی، بەڵام ژەنەراڵ بارزانی توانی بەتەنیا خۆی لەو سەردەمەدا هەموو گەلی باشووری کوردستان یەک بخات و بیخاتە ژێر سایەی شۆڕشەوە. کە زۆر لە سەرکردەکانی پێش ئەو چ لە باشوور چ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەیانتوانی دەناسی. بە ڕاستی ئەوەش سەروەرییە بۆ بارزانی، کە ئا بەو شێوەیە توانیویەتی ناوی خۆی و نەتەوەکەی بڵاو بکاتەوە، ئێمەش شانازیمان پێوە کرد. کاتێک ژەنەراڵ بارزانی گەڕایەوە، لە داخوازییەکانیدا جیاوازی هەبوو لەگەڵ پێشتردا، ئەم جارە داخوازیی تازەو زۆرتری هێنایە گۆڕێ، چونکە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیش وای مەبەست بوو، ئەو دیموکراتییەتەی ئەو ماوەیەش کورد سوودی لێ وەرگرت، ئینجا کە شەڕ دەستی پێکردەوە، شەڕی ژەنەراڵ بارزانی، کورد لە دژی حکوومەتی عێراقی نەبوو، پارتی حزبێکی مونەزەم و قیادەیەکی پتەوتر بوو، نەک لەناو عەشایر دابێت و ڕێکخرابێ، بەڵکوو لە چوارچێوەی حزبێکی تۆکمەدا بوو، کە لەناو شارەکاندا ڕێکخستنێکی باشی هەبووە، بە هەزارها پێشمەرگەشیان پەروەردە کردبوو، لە هەمان کاتدا دوو هێزی لەیەک دا و یەکیان گرت، (هێزی ڕۆشنبیران و هێزی خێڵەکان) و ژەنەراڵ بارزانی سەرۆکیان بوو.

*** لەبارەی ڕۆڵی بارزانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، گوتی:**

– ژەنەراڵ بارزانی توانی کورد بکات بە نموونە، بزووتنەوەی کوردایەتی لە لای بێگانە بکات بە نموونە و تێیانبگەیەنێ، کە ئەمە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازە، بزووتنەوەیەکی مرۆڤایەتییە، بزووتنەوەیەکە پێکهێنراوە، کە میللەتێک داوای مافی ڕەوای خۆی دەکات و هیچ شتێکی دیکە نییە، بەپێچەوانەشەوە تانە و لۆمە لەو دەڵەتانە دەدات کە دان نانێن بە مافی گەلی کورددا، ئەو ڕۆڵ گێڕانەو سەرکردایەتی کردنەی بۆ ژەنەراڵ بارزانی دەگەڕایەوە، کە کێشەی کورد و کوردستانی بەتەواوی بە میللەتانی جیهان ناساند، هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، لە زۆر جێگەی دەرەوەی وڵات خەڵک کوردی نەدەناسی، بارزانییان دەناسی. بە ڕاستی ئەوەش سەروەرییە بۆ بارزانی، کە ئا بەو شێوەیە توانیویەتی ناوی خۆی و نەتەوەکەی بڵاو بکاتەوە، ئێمەش شانازیمان پێوە کرد.

*** سەبارەت بە ڕۆڵی بارزانی لە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، د.کاوس، بۆمان دوا و گوتی:**

– لە کۆماری کوردستاندا، بارزانی ڕۆڵی هەرە بەرچاوی هەبوو، کە وێستی و مەبەستیشی بوو پارێزگاری لەو کۆمارە بکات، تەنانەت هاوڕێ و هاوکارانی نێو کۆمار ڕازی نەبوون بە پێشەواشەوە، ئەگینا بارزانی شەڕی دەکرد و هەموو ئامادەییەکی تێدا بوو کە بەرەنگاریی سوپای ئێران ببێتەوە، ئەگەر پشتگیریی (بارزانێ)یان بکردایە، پێم وایە سەرکەوتووش دەبوو، چونکە سوپای دەبێت بەشانازیەوە جارێکی تر نەتەوەی کورد ناسناوی ژەنەراڵی پێ ببەخشێتەوە.

*** شاکارەکانی بارزانی چێ بوو، ئەگەر باسێکی بکەیت؟**

– بارزانی زۆر گەورە بوو، بەڵام کەسێکی زۆر سادەش بوو، نان و سینییەکەی جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ پێشمەرگەدا، بەڵام ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ سەرکردەکانی ئێستادا، ئەوا ناکرێ و نەبووە. کۆنیش هەر وابوو، زۆر خۆشەویست بوون لای میللەتەکەمان.

جارێک ئەفسەرێک دەڵێت: بۆ ئێمە دەرەقەتی ئێوە نایەین؟، بارزانیش بانگی جەنگاوەرێکی دەکا و دەڵێت: بڕۆ، ئەویش دەڕوات و دەگاتە لێواری شاخەکە ئاوڕ ناداتەوەو نانێ بڕۆم یان نەڕۆم و دەکەوێتە خوارەوە، سەربازەکە دەنێرن کە دەگاتە لێواری شاخەکە ئاوڕ دەداتەوە و دەڵێت: قوربان بڕۆم یان نا، چونکە ئەوە شاخە و دەکەومە خوارەوە، بارزانی پێی دەڵێت: (ئەوە نەهێنیی سەرکەوتنەکەمانە) هەر چەندە ئەم قسەیە فۆلکلۆرە، بەڵام ڕاستییە.

کاتێک پێشەواکانی دنیا دەمرن لەدوای خۆیان گەندەڵییەکی زۆر و خراپەکارییەکی زۆر دەر دەکەون، بەڵام کە زەعیمەکەی ئێمە کۆچی دوایی کرد، سوپاس بۆ خوا کەس نەیتوانی و ناشتوانن پەنجەی بۆ درێژ بکەن، شتێکی وای نەکردووە کە مایەی شەرمەزاری بێت، نە بۆ خۆی و نە بۆ نەتەوەکەی، کە ئەمە زۆر گرنگە.

*** سەبارەت بە ڕۆڵی بارزانی لە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، د.کاوس، بۆمان دوا و گوتی:**

– لە کۆماری کوردستاندا، بارزانی ڕۆڵی هەرە بەرچاوی هەبوو، کە وێستی و مەبەستیشی بوو پارێزگاری لەو کۆمارە بکات، تەنانەت هاوڕێ و هاوکارانی نێو کۆمار ڕازی نەبوون بە پێشەواشەوە، ئەگینا بارزانی شەڕی دەکرد و هەموو ئامادەییەکی تێدا بوو کە بەرەنگاریی سوپای ئێران ببێتەوە، ئەگەر پشتگیریی (بارزانێ)یان بکردایە، پێم وایە سەرکەوتووش دەبوو، چونکە سوپای ڕاپەڕینی بارزانییەکان لە ساڵی 1960ڕ 1963دا نووسیومە، بە قەناعەتێکی تەواوەوە کردوومە، بە بیر و باوەڕێکی تەواوەوە، بە ڕێزی زۆرەوە بۆ ئەو بیروڕایە ئەوەم نووسیوە و ئەو قسانەی کە ئێستا بۆ تۆم کردوون و تۆمارت کردن، چونکە مومکین نییە من بڕوام بە شتێک نەبێ باسی بکەم و پێیدا هەڵ بدەم.

ژەنەراڵ بارزانی پیاوێکی مەزنە، بۆچیی من ڕێزی لێ نەگرم؟ ئەی لە هەموو جیهاندا وا ناکەن؟ ئەدی من بۆچی بۆ سەرۆکی خۆمی نەکەم؟ بەڵێ، بارزانێ تۆ سەرۆکی منی، تۆ سەرداری منی، تۆ سەروەری منی، دێم کێڵی گڵکۆکەت ماچ دەکەم، ئینجا سەر و دڵم ئاسوودەیە.

لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەم قسانەم بۆ ئەوە نییە پلە و پایە و وەزیفەم بدەنێ، وەزیفەم ناوێ، بۆ ئەوە نییە پارەم بدەنێ، پارەم هەیە، بۆ ئەوەم نییە تەندروستیم باش بکەن، چونکە لەوە زیاتر چاکیش نابەوە، بۆ ئەوەم نییە تەمەنم بدەنێ، تەمەن کەس نامداتێ تەنیا خودا نەبێ. ئەمە قەناعەت و بیروڕای خۆمە، ئەگەر ئەو شتانە نەبوایە، هەرگیز ئامادە نەبووم وا بڵێم و ئەگەر بەپێچەوانەوە بووایە بڕوا بکەن بەپێچەوانەوە دەمگوت.

ون بوون

وەصلیکی دەرچووی شارەوانی کەلار بەناوی رزگار علی محمد ،کە بری پارەکەی ٧٥٠٠٠٠ حەوت سەت و پەنجا هەزار دینارە ون بووە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پێناسیکی پێشمەرگایەتی بەناوی (ئازاد محمد علی) لەفەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی دوو وون بووە ، لە بەروارى ٢٣ / ١ / ٢٠٢٠وە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

باجێکی پەیانگای تەکنیکی کەلار ، بەشی رووپێوی بەناوی (شینە کەمال حەمەنوری) ون بووە هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسولەی شارەوانی ٢ هەولێر ژمارەی پسوولە ٥٩٨٤٢٩ بەروارى ٢٠١٨/٣/٢٥ بەبری ٢٥٠,٠٠٠ بەناوی هێمن نوزاد صابر وون بووە. هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی تەکنیکی ئەندازیاری بەشی شارستانی بەناوی رۆژ گۆران معتصم وون بووە. هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیاری کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ٣٠٢٨ بەناوی زانا محسن ابوبکر وون بووە. هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیاران کوردستان لقی هەولێر ژمارە ٨٠٨٠ بەناوی مراد محمد امین علی وون بووە. هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

دەفتەر گرانی ئوتۆمبێل لە بەرێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە، جۆری ئوتۆمبێل نیسان پاترۆل استیشن ژمارەی ئوتۆمبێل ١٠٨٣٩٠٣ بەناوی سیاء سلیمان عزیز وون بووە. هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆمپانیای ئەندازیاری ماف دار ژمارەی نووسراو ١٣٢٨٦٢ بەرواری نووسراو ٢٠١٨/١٠/١٢ جۆری ئۆتۆمبێل مارسیدس شاص/سکس ویل دبل قەارە رەنگی کەسك مۆدیل ٢٠١٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٧٠٧١ کاتی دهوك ژمارەی لاشە شانصی WDB٩٣٠٢٤٣JL٦٣٨٥٥٠ وون بووە. هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١

ژمارە/ ٦٠٢٧/ش/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٠

جاردان

بۆ داوالێکراو/ (زیلال شوقی عبدالکریم)

(شوێنی دانیشتنت نادیارە)

دادگا لە داوای ژمارە ٦٠٢٧/ش٢٠١٩/١ وە لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٥ بریاری دا بە تصدیق الطلاق الخارجی بۆ هاوسەری زیلال شوقی عبدالکریم لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری گەرەکی مناره لە شاری هەولێر بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی و تۆمافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنڕ وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە:٨٥/ش/٢٠٢٠

رێکەوت:٢٠٢٠/٢/١٠

جاردان

بۆ داوالێکراو (ریان صبحی احمد)

ئاماژە بە داوای ژمارە (٨٥/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (هند عبدالجبار احمد) کە جۆری داواکەی بریتیە لە تصدیق طلاق لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە دەلالەتی داواکار بۆیەم ئەم دادگایە بریاری دا لە بەروارى ٢٠٢٠/٢/١٠ بەپێی راگەیاندنت بەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خۆت یاخود بریکاردارت لە جیاتی خۆت رەوانە بکەی لە رۆژی دادگایی رێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٥ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادگایی پاشملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ مسعود سعید صدیق

***

ئاگاداری

بەریوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکانی هەولێر لەرێگای لیژنەی زیادکردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیة) هەڵدەستێ بە بەکرێدانی کۆشکی ژمارە ٥ پێنج لە پارکی (شانەدەر/١) یەك لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ی ساڵی ١٩٨٦ زیادکردنەکە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێدەکات کە دەکاتە ٣٠ یەمین رۆژ کە دەکەوێتە رێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١٢ لەناو دیوانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ، جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە سەردانی بەرێوەبەرایەتیمان بکات بۆ دانانی بارمتە (تأمینات)ی یاسایی، کرێگرتە و پارەی بانگکردن و بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی.

راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی

ئەندازەی پارکەکانی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ٦٩٢/٧

رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٢

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (حمدامین فائق حمدامین خاوەن کۆمپانیای رینیسانس بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی سنوردار بەرێژەی (٥١٪ پشکی کۆمپانیا)

هۆشدار لێکراو: (سامان طه محمد خاوەن پشك بەرێژەی ٤٩٪)

بەرێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (حمدامین فائق حمدامین خاوەن کۆمپانیای رینیسانس بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی سنوردار بەرێژەی (٥١٪ پشکی کۆمپانیا) بە ژمارە (٥٦/١١١٣٠) لە ٢٠٢٠/٢/١٠ بەمەبەستی هۆشداری کردنت و ئامادەبوونت لەبارەگای کۆمپانیا لە گەرەکی ئازادی شاری هەولێر لەبەروارى (٢٠٢٠/٢/٢٩) بۆ پاکتاوکردنی کۆمپانیای ناوبراو وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ئازادی لە شاری هەولێر ٢٠٢٠/٢/١٢ بۆیە لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.

مریوان قرنی ابراهیم

دادنووسی یەکەمی هەولێر

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٢/٩

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (اراس صابر احمد) لە بەروارى ٢٠٢٠/٢/٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانەراوە لە (سەر شەقام ١٠٠م) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- میکنەسەی ڕاکێشانی تۆزو خۆڵ بێ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٢ گەورە

٢- فلتەری تصفیەکردنی ئاوی بەکارهاتوو بێ ژمارە دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠ دوو ئامێری عامص وشعبی.

٣- بطلی گرتنەوەی شامپۆ بێ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١ ٤- سێ ماتۆڕی شوشتنی سیارە ئاوی سارد بێ ژمارە دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣*٧٠٥.

٥- کۆمپرێسەری هەوایی ٢ پارچەیی ژمارە/ ١٨٠٩١٥٩ مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥

٦- جەگی بەرزکردنی سیارە ٤ طەنی عراقی بێ ژمارە دروستکراوی ئیتالی مۆدێل ٢٠١٩ توانای هایدرۆلیك

٧- مۆلیدەی کارەبایی گاز کاتم پێرکنس بێ ژمارە مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٨٨.

***

دادگای باری کەسی لە خەبات

ژمارە:٢٢/ش/٢٠٢٠

رێکەوت:٢٠٢٠/٢/٩

جاردان

بۆ داوالێکراو (مصطفی جعفر صادق)

ئاماژە بە داوای ژمارە (٢٢/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (خدیجة کاظم علیوی) دادگا لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٦ بریاری دا بە تصدیق طلاقی خارجی لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت بەناوی (خدیجة کاظم علیوی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بریار درا بەپێی راگەیاندنت بە دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆیە تۆ مافی پێداچوونەوەو نارەزایت هەیە لەماوەی (١٠) رۆژ لە پێ راگەیاندنت بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێ بەپێی یاسا.

دادوەر/ مسعود سعید صدیق

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابوری هەڵدەسێت بە بەکرێدانی روبەری (کابینە) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٢١) کەرتی ١٦ی پەروێزخان بەمەبەستی دروستکردنی نوسینگەی ئەستێرە بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو ی رێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦, جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیاد کردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانوبەری میری گەرمیان بدات لەماوەی (٣٠) رۆژدا کەدەست پێدەکات لەدوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە ،سەعات (١٠) ی سەرلە بەیانی بەمەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەکی پێبێت.

تێبینی کرێی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.

مکرم فتاح محمد

بەرێوەبەری خانوبەری میری گەرمیان

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١

ژمارە: ٣٥٧/ش/١/٢٠٢٠

رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٠

جاردان

بۆ داوالێکراو (کریستینا سومر)

داواکار ،(أرسلان کانەبی رشید) داوای ژمارە (٣٥٧/ش/١/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تصدیق طلاق) دەکات لەتۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیار بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/گەرەکی فەرمانبەران) بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت یاخود نوێنەرێکی یاسایی لەجیاتی خۆت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٣/١) کاتژمێر ٩ی بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٢/٩

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سعید سلیم زبیر ٦٥٪ لانە هونەر خلیل ٣٥٪) لە بەروارى ٢٠٢٠/٢/٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانەراوە لە (پ/ باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- هێلی تەواوی بوطلی ١٧ لتری ژمارە/ ١٨٠١٢٠ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧ قەبارە گەورە لێدانی لەزگەو بەروار ئاوی براد

٢- تێکردنی ئاو بۆ ناو گڵاس و کەپس و دروستکردنی گلاس و لێدانی قەپاغ و بەروار و دروستکردنی کارتۆن و کەپس کردنی کارتۆن ژمارە/ ٢٠١٦١٠١٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٢ هێلی تەواو قەبارە گەورە.

٣- دوو دانە دروستکردن و تەخنی دەبەو بطلی نیو لتری ئاو ژمارە/ ٥٣٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥٦ ٥٣٦ ژمارە هێلی تەواو.

٤- رێکخستنی بوطلی ئاو ژمارە/ ٨٢ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥ هێلی تەواو

٥- تێکردنی ئوزۆن بۆ ناو ئاو ژمارە/ ٥١٠١٢٠٠٧٠٨ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥٠٠

٦- هێلی تەواوی تێکردنی ئاو/ شوشتن و تێکردن و کەپس و لێدانی بەروار ژمارە/ VE١٠٠١٣٠٣٤٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٣ توانای A٤٠ قەبارە گەورە.

٧- لێدانی لەزگە و بەسێت کردنی نایلۆن حرارى ژمارە/ ١١٣٠G١٣٠١٤ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ توانای A٦٠.

٨- دوو کۆمپرێسەری هەوایی بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٢*١٦٥ ٤ پارچەیی.

***

Crescent Petroleum

Job Announcement	
Position Title	**Process Operator**
Direct Supervisor	Process Supervisor/ Operations Superintendent
Department	Operations
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: PO/Ops/Feb/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Monitors equipment functioning, observes temperature, level, and flow gauges, and performs regular unit checks in order to ensure that all equipment is operating as it should. Records, reviews, and compiles operations records, test results, and gauge readings such as temperatures, pressures, concentrations, and flows. Monitors transportation and storage of flammable and other potentially dangerous products to ensure that safety guidelines are followed. Utilizes experience and hazard identification knowledge to minimize plant hazards during routine activities through utilization of STEP 2 program.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

1. Starts-up and shutdowns plant and equipment by following procedures and under instruction from the Lead Operator, Plant Supervisor or Control Room Operator.
2. Controls operation of compressors, scrubbers, evaporators, and refrigeration equipment in order to liquefy, or re-gasify Natural Gas and LPG.
3. Monitors all aspects of the plant and report any deviations from normal practice.
4. Cleans, maintains, and repairs equipment, using hand tools, or request that repair and maintenance work be performed.
5. Completes log sheets and maintain a daily log of all events occurring in the assigned area. Attends and takes part in verbal handovers at the start and end of shift.
6. Gives and receives a verbal handover at the start and end of shift.
7. Identifies abnormalities in process parameters & report and make corrective action.
8. Ensures safe isolation/ purging of equipment as per procedure.
9. Ensures compliance with Permit to Work and HSE Regulations and Procedures.
10. Promotes good Housekeeping and Waste management

Reporting and Communication

11. Reports to the Process Supervisor / Ops Superintendent on all issues relating to own work.
12. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position

13. Continues to develop own professional expertise through optimizing on-the-job training and experiential opportunities.
14. Provides on the job training for field operators and new recruits to ensure they are performing to minimum performance standards.

Crescent Petroleum

Decision–making Authority

In the absence of the Lead Operator: Locally shutdown all or parts of Khormor Plant when abnormal running or unsafe conditions arise or are observe

Working and Other Reporting Relationships

Process Supervisor / Ops Superintendent	Frequent/daily
Control Room Operator	Frequent/ daily

Supervisory Responsibility

N/A

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Ideally a Technical trade background or previous experience in a hydrocarbon facility would be suitable but not essential. Degree is required

Minimum Professional Experience Required

3+ years in a hydrocarbon facility. Ability to understand P&ID's

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Basic organizational and planning skills • Good communication skills • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management • Ability to meet deadlines • Ability to work under stress •	• Very good team player • Well-rounded interpersonal skills • Ability to demonstrate honesty, integrity and confidentiality • Proactive approach • Flexibility • Alertness and attention to details • Analytical thinking • Basic computer skills in Microsoft Office	• Basic understanding of oil and gas production equipment and processes • Basic knowledge of wellhead operations • Experienced in working with safety management systems and a basic understanding of local safety management

Please submit your application or CV to our office addresses as below, no later than **25 February 2020**:
1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.
OR
Email to us at: **jobs_cpdg@crescent.ae** (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference, which is Process Operator, Ref: PO/Ops/Feb/20)

دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە:٥٤٤١/ش٢٠١٩/٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٠
جارِدان
بۆ/ داوالێکراو (داود حیدر خان)
شوێنی دانیشتن نادیارە.
داواکار (گلاوێژ محمود بایز) لە داوای ژمارە (٥٤٤١/ش٢٠١٩/٦) لەم دادگای لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (سەلماندنی هاوسەرگیری) دەکات لە تو وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (نازادی) بۆیە دادگا بڕیاردرا بە پێراگەیاندنت بە بریاری پاشملە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی وە مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارداندە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادوەر/ مازن مظفر محمد
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ١١٦ / ب / ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢
جارِدان
بۆ داوالێکراوان/ خاجیك دانویان
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (عبدالعزیز محمد احمد) داوای ژمارە ١١٦ / ب / ٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای ($٢١١٢٠٠) دووسەدو یازدە هەزار و دووسەد دۆلاری امریکی) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گەرەکی ناشتی و مارت شمعونی) بۆیە دادگا بڕیاردا بۆیە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٢/٢٧ کاتژمێر ٨:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە/ ٥٥٥/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٦
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری راکردوو/ گۆران جمال جلال
صدیق ناوی دایکی/ جیهان حسن
لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوویت لە ڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لە یاسای سزادان و لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بەکرەجۆ) لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارماندا لە (٢) دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل توفیق سعید
***
دادگای کەتنی هەلەبجە
ژمارە/ ٣٥٦/ج/٢٠١٨
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١/٢٦
بۆ تۆمەتبار (یحیی صباح کاکە حمە)
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووی لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٠ سەرەڕای ئاگادارکردنەوت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە پاشملەیی و بەشێوەیەکی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە ٣٥٦/ج/٢٠١٨ بڕیاردرا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش مانگ بەپێی مادەی ١/٢٣ لە یاسای هاتووچۆ.
دادوەر/ محمد شفیق حمه
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١٥/٢٦١٣
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٢
جاردان
ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (٢٠١٥/٢٦١٣) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (کۆمپانیای زیرەك) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی بەبری ٧٥٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار قرساوە بە لێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز کۆمپانیای أیدن کە بڕەکەی ٣,٧٢٩,٦٠٠,٠٠٠ دینارە. جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٧) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٣٥/ش٢٠٢٠/٣
ڕێکەوت: / ٢٠٢٠/٢/١٢
جاردان
بۆ داوالێکراو (مصطفی منذر عبدالرزاق)
ئامازە بە داوای ژمارە (٥٣٥/ش٢٠٢٠/٣) کە تایبەتە بە داواکار (نوری مأمون خیری) وە داوالێکراو (مصطفی منذر عبدالرزاق) کە جۆری داوای بریتییە لە (جیابوونەوە-تفریق) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی هەرشەم١-عەنکاوە دادگا بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/١٥ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێك یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠١١/٤٧٥٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٢
بۆ میراتگرانی کۆچکردوو محمد غریب محمد
ئاگاداری
ئاماژە بە دۆسیەی جێبەجێ کردن ژمارە ٢٠١١/٤٧٥٠ لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونتان بۆیە ئەم بەڕێوبەرایەتیە بڕیاری بە پێی ماوەی ٦١ لە یاسای جێبەجێ کرجن لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی پێتان رابگەیێنین لەماوەی ١٥ ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەم بەڕێوبەرایەتیە ئامادەبن و بەمەبەستی وەرگرتنی وتەکانتان سەبارەت بە مانەوەی یان لادانی گلدانەوە لەسەر سلفەی کۆمپانیای قەرزار (أسوار بغداد).
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
***
دادگای بەرایی هەولێر/٢
ژمارە:٢٧٣٨/ب٢٠١٩/٢
ڕێکەوت:/ ٢٠٢٠/٢/١٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (مریم شفیق توفیق)
داواکار (ایمن طارق جمیل) داوای ژمارە (٢٧٣٨/ب٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بەپابەندکردنت بە گەرانەوەی بری (١٤٠٠٠) دۆلاری امریکی وە لەبەر ئەوەی گرێ بەستەکە پووچەڵە پابەندکردن بەگەرانەوەی سیارەکە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری موختاری (هەولێر/ گەرەکی بێتواتەی تازە) لە ٢٠٢٠/١/١٥ بڕیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠٢٠/٢/١٨) کات (٩)ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ قباد شیرزاد نوری
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٣٣٩/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٦
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ شێرزاد فرج کریم
ناوی دایکی/ فاطمە رشید
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لەڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٤٥٦ لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بنکەی پۆلیسی ڕزگاری) لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە (٢) دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە ڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل توفیق سعید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٥٤٤/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/٢٦
ئاگاداری
بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ محمد علی رحیم
احمد ناوی دایکی/ ملاهت نازدار
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبویت لەڕۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی ٤٤٦ لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە (بنکەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان) لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە (٢) دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیدا ئاگادارت بکەینەوە کە ڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل توفیق سعید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٧٢٦/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هاشم غازی حسێن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب. نەهێشتنی تاوان (گشتی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارەی داوا: ١٤٢٥/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/١/٢٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هێمن
احمد حمەعبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی بەشی (٢٣) لەیاسای مرور لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ڕزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژەدا بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل توفیق سعید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٧٢٦/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٣
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: هاشم غازی حسێن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ب. نەهێشتنی تاوان (گشتی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٣٠٩/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/١/٣٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سید
محمد صالح سید محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٠٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (زەمەڕ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٦/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکالی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوونەوە
بەدواداچوونەوە
ژمارە/ ١٦٧٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٠
بۆ/ کۆمەڵەی هەنگ پەروەرانی
کوردستان/ لقی هەولێر
ئاگادارکردنەوە
بەپێی بەدواداچوونەوەی لێژنەی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان وە سەردانیان بۆ کارگەی دارتاشی دورستکردنی صندوقی هەنگ لە شقلاوە کە بۆ بەرژەوەندی هەنگەوانانی کوردستان تەرخانکراوە بۆمان دەرکەوت ئەم کارگەیە بەکارەدەهێنرێت تەنها بۆ بەرژەوەندی تاکی وە هەنگەوانان سودمەند نەبووینە لەم کارگەیەوە شوێنەکە سیمای بارەگا و ئۆفیسی تیانەماوە و بوویتە حەوانەوەی خانەوادەیەك لەگەل دروستکردنی باخچەیەکی کەسی لەبەردەم ئەم بارەگایە و تەرخانکردنی بەشێك لە حەوشەکەی بۆ بەخێوکردنی هەنگ و بەشێکی تر بۆ بەخێوکردنی مەرو مالات و هەروەها هیچ ڕاپۆرتێکتان بەرزنەکردۆتەوە لە ڕۆژی وەرگرتنتان لە سالی ٢٠١٢ تاکو ئێستا بۆیە ئاگادارتان ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٢١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٢
ژمارەی داوا: ٢٨١٨/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٢/٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: جبار
فقێ محمد صۆفی عزیز
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١٠ ف٥) لەیاسای باری کەسێتی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ابراهیم احمد) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٨١٤٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢
بڕیار
ئاماژە بەناوەڕۆکی کۆنووسی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لقی کۆمپانیاکان (MELWOOD GEOMETRIX LIMITED) ی کەنەدی بۆ (للمقاولات الانشائیة/ المحدودة) ڕاستێندراوە لە قونسلخانەی عیراقی لە (مونتریال) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٩) تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، وە دانانی بەڕێز (خسرو عبدالله شمس الدین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٢٤٤٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٠
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (ئەسپە سوورە)
بۆ (بازرگانی خۆراك/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (ئەسپە سوورە) بۆ (بازرگانی خۆراك/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٩) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (صباح ایلیا حنا) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەمواركراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/١٠
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:١٦٣٠/١٠
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/١٢
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم موڵکەی خوارەوە، بە ڕێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئاماژە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە ڕۆژی (١٥) پازدە یەمین ڕۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی مولّك/ (٨٠١ , ١١٧/١٤٣٦) م ٤٥ وارش , ٣٥٤/٥ م ٤٥ وارش) ڕووبەر/ ٦٨٩٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل بەهای خەملاندن/ ٣٥٠,٠٠٠,٠٠٠٠ ملیون دینار کرێی ساڵانە ماوەی بەکرێدان/٣ ساڵ.
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (ئەسپە سوورە) بۆ (بازرگانی خۆراك/ سنوردار) بریاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر).
پاکتاوکار/ صباح ایلیا حنا
نانیشان/ هەولێر – عەنکاوە
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٧٠٩٥٧٥

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە لقی کۆمپانیای (MELWOOD GEOMETRIX LIMITED) بۆ (بەڵێندەرایەتی بیناسازی) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

مەجید مەجیدی لەنەخشی خوادا




حەیدەر عەبدولڕەحمان

مەجید مەجیدی کە لەرەسەندا نووسەرو ئەکتەر بووە، ئەمڕۆکە یەکێکە لەدیارترین دەرهێنەرە سینەماییەکانی ئێران و خاوەنی زۆرترین خەڵاتی سینەمایییە، چ لە ئاستی نێو دەوڵەتی دا، مەجیدی تا ساڵی 1996یەکەم دەرهێنەرێکی ئیرانی بووە کە بۆ ئۆسکار پاڵێوراوەو وەک خاوەنی باشترین فیلمی بیانی لەئۆسکاردا، وەک ڕەخنەگرە سینەماییەکانی ئێران ئاماژەی پێ دەدەن، زۆرینەی ناوەرۆکی فیلمەکانی مەجیدی، یا دەربارەی ژیانی منداڵان بوونە، یا کێشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێرانی تێدا بەرجەستە کراوە، لە نێوەندی کۆمەڵگای ئێرانیشدا وەک دەرهێنەرێکی ئایینی ناسراوەو لە بۆچوونداً لەگەڵ دەسەلاتی ئەمڕۆی ئێراندا نزیکە.

ئەو پێی وایە شۆڕشی ئیسلامی ئیران شوناسی ڕاستەقینەی کولتووری ئێرانی دەرخستووە، بەپێچەوانەی قۆناغەکانی ڕابووردوو، کە سینەما بێجگە لەکەرەستەیەکی بازرگانی بەولاوە، نەیتوانیووە گوزارشت لە خەمی ڕاستەقینەی خەڵک بکات و ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی کۆمەڵگای ئێرانی بێت، ئەوەتا وەک مەجیدی دەڵێت: پڕبوونی هۆڵەکانی سینەما لەئێراندا، دوای شۆڕشی ئیسلامی باشترین بەڵگەی ئەو ئاوێتە بوونەی سینەمایە بەکۆمەڵگای ئێرانی ..

مەجیدی هەمیشە لەفیستیڤاڵە جیهانییەکاندا شوێن پەنجەی دیار بووە، بەڵام ماوەیەک لەمەوبەر خەڵاتێکی گەورەی لەفیستیڤاڵێکی دانیمارکی ڕەتکردەوە لەبەر ئەوەی لەو فیستیڤاڵەدا فیلمێک بۆ شێواندنی پێغەمبەری خوا نمایش کراوە، مەجیدی لەچەند فیلمێکدا تیرۆانینی ئایینی خۆی بە تەواوەتی دەرخستووە، بەتایبەت لەفیلمەکانی: نەخشی خوا، ڕەنگی فیردەوس، باران و منداڵانی ئاسمان ..کە بەڵای ڕەخنەگرێکی وەک(ڕۆجر ئایبرت): ئەم فیلمانە دیارترین فیلمەکانی مەجیدین .

(نەخشی خوا) سەربوردەی منداڵێکی نابینا دەگێڕێتەوە، زۆر بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ دنیای نابینایی خۆیدا خۆی گونجاندووە، خوێندنیشی ل ڕێگەی دەست پیاخشانەوە زۆر سەرکەوتوانەیە، بۆیە باپیری و خوشکەکانی زۆر دڵیان پێی خۆشە، بەڵام هاشمی باوکی هەست بەشەرم لەخۆکردنەوە دەکات، هاشم دوای مانئاوایی دایکی گوزارشت لە خەمی ڕاستەقینەی خەڵک بکات و ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی کۆمەڵگای ئێرانی بێت، ئەوەتا وەک مەجیدی دەڵێت: پڕبوونی هۆڵەکانی سینەما لەئێراندا، دوای شۆڕشی ئیسلامی باشترین بەڵگەی ئەو ئاوێتە ڕەتکردەوە لەبەر ئەوەی لەو



پایزانیش غەمگین، غەگین دەچوومە نێو دونیای پڕ لە تراژیدیای جووتیارە چەوساوەکان وگوێ بیستی داستانی پڕ لە ئەفسانەی دیوەخان دەبووم و کۆچی بەرەو گەرمێنی قەتێ ڕەنگینەکانیش، لە خەوێکی قوڕس ڕایان دەچلەکاندم و دەمزانی ئێستر ئەوە بەرەو زستانێکی دوور و وشکە سەرمایەکی هەژار کۆژ هەنگاو دەنێین.

ئەم دەشتەی من، دیرۆکێکی پڕ لەهات و نەهات و بینەو بەرەی داگیرکەرانی کوردستانی پێوە دیارە، هەموو داگیر کەران پتر لەهەر شوێنێکی تر، لەسەر بەرروو بوومی ئێمە ژیاون و هەن بە سەدان ساڵ لێیان پاڵ داوەتەوەو لەشکرەکانی خۆیان لەسەر سکی برسی دەشتەکیەکاندا بەخێو کردووەو بواریان نەداوە ئەم خەڵکە وەک مرۆڤ بژی، کوژراون، تاڵان کراون، ڕەتێندراون، دەربەدەر کراون، ئەم دەشتەی من شایەدی ستەم و خوێنڕێژی هۆلاکۆ و جەنگیزخان و سەدان زۆرداریترە، هەر بۆیە ئێستاش سیمای خۆڕاگری و دەست و بازوو بەهێزی و ئازایەتی و وڵات پارێزی بەنێو چاوانی دەشتەکیەکانەوە دەبینم و هەرگیز خەڵکێکی مشەخۆڕو ترسنۆک بوو دەڵەیان تێدا بەدی دەکەم، ئەلبوومی بەسەر هاتەکانی دەشتەکەم، لە نەهاتی و ڕێژ دەستەیی و گەرمای سوتێنەرو سارەد زستان بەدەر شتێکی دیکەی تێدا بەدی ناکرێ، هەرگیز بەهاری بە خۆیەوە نەدیوە ، بەهار هەمیشە ئاسکێکی تیرپەڕ بووە، لە ساتەوەختێکی زۆر ناسکدا پێشکەشی چەند ئاغایەکیان کرد، کەکاتی خۆی بە ڕووت و قووتی پەنایان بۆ هێنا بوون و حەوانەبوویانەوە، ئەو ئاغایانەیان کرد بە خاوەن مولک و سەروەری خۆیان و بە دەستی خۆیان مەرگی ڕەنج و کەرامەتی خۆیان پێ ناشتن، ئەوان بوون بە ئاغاو دەشتەکییەکانیش بە مسکێن و خزمەتکار، ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژانیش داوای سادەترین مافی خۆیان بکردبایە، یان ڕۆژە سوخرەو بێگاڕێکیان ڕەت بکردبایەوە، ئەوا دەدرانە بەر شەق و بە ڕۆژی نیوەڕۆ دێ بەدەر دەکران و بەناچاری سوالکەر ئاسا لە پەنای ئاغایەکی تر بە ملکەچی دەحەوانەوە، گەلێکیشیان لەبەر یەک نا دا، یا بە کۆمەنیست دەدرانە قەڵەم و بە هۆی پۆلیسەوە زیندانی دەکران ، یا ئەوەتا دەمو دەست خوێنیان تێکەڵ بە ڕەوسە گەفەکانیان دەکرا.

سونندتی ژیانی دەشتەکییەکان، بە پێچەوانەی گەلێ یاساو ڕێساکانی دونیایە ، لەبەر نەخوێندەواری و دواکەوتوویی خۆیاندا، دوو چاری گەلێ گیرو گرفتی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی، چینایەتی و بڕوا بوون بە شتە خرافیەکان ببوون، ئەمەش هۆکارێکی گرنگی پەرتەوازەیی و نا تەبایی ڕیزەکانیان بوو لەپەل وپۆی خستبوون، سیاسەتی ئەوسای دەرەبەگایەتی ئەوە بوو کە هەمیشە لەگەڵ یەکتریدا ناکۆک بن، ئەم بەرەبابیان بەگژ ئەوی دیکەوە دەکرد و لەبەر خەتە جۆتێک یەکتریان دەکوشت، تا سەرەتای سالانی پەنجاکان، فەرهشی سەوزی خۆی پێچاوەتەوەو بۆنی کۆلێک وحاجیلەو کنێرو نیترگزی لێ حەرام کردووین، من نازانم چ سرێکە بەهار لەوڵاتی دەشتەکیەکاندا بێزارەو لەچاو تروکانێدا بەهاری تەمەنی لاوانم بەرەو دۆزەخی هاوین ڕاپێچ دەکا ، ئەم دەشتەی من، ساڵ بە ساڵی خۆزگە بە پار خواستووەو بە درێژایی سەربردەکانی خۆی، هەر شایەدی بینینی مەرگی نەوەکانی بووەو پێ بە پێ سەردولکەی بە دوای دیرۆکی پڕ لە غەم و حەسرەتی خۆیدا گوتوە، قات و قڕی، ستەمی دەربەگایەتی، چەوسانەوەی چینایەتی، کۆچ و کۆچباری بە زۆرە ملێ، تا دوا ساتەکانی سەردەمی ئەم ڕژێمە فاشیستەی بەعس و تەخت کردنی گوند و شوێنەوارەکانی، لە مەرگ زێتر، لە گریان و سینگ کوتان پتر، لە هاوار بە دوای تەرمی بە غەدر شەهید کراوی جەستەی خۆیدا ، شتێکی دیکەی شادی بەخشی بە خۆیەوە نەبینیوە، دەشتەکییەکان، لە ژیان و سەربوردەو گوزەرانیاند، لە ڕەفتارو کردارياندا، سیمای ڕاستی و بێ پێچ وپەناو قایمی و یەک دەندەبیان پێوە دیارە، دەشت ئاسا وەک بەری دەستن، ئەم سەر ڕاستییەیان بۆتە هۆی دۆڕاندنی زۆر شت، تەنانەت لە دوای دامەزراندنی حکوومەتی عێراقیشەوە بوون بە قوربانی تایبەتمەندی و سیما کانی خۆیان و ئەو زەوی و زارەی لە دەستیاندا بوو بە ئارەقەی نێو چاوانیان سەدان ساڵ پاراستبوویان و بە زەبری هەوجارِ خۆشیان کرد بوو، داستانی عیشقیش لە پەنا تەبارەی گەنم و ژێر دەواری زوورگەکانیدا تۆمار کران، کەریم و ستی نمونەی ئاوێتە بوونی عیشق و چەرمەسەری چەوساندنەوەی چینایەتین، هەر بۆیە کە هەزاران ساڵە کە حەیران بۆتە هەوێنی ئەم عیشقە پاکانەو لاوکەکانیش تراژیدیای شەهید بوونی دەیان کەریم و ستی و مەم و زین و دەرۆیشی عەقدی و دیرۆکی شەڕو بەسەر لێرەو لەوێ قوتابخانە کرانەوەو بزوتنەوەی ساڵی 1953ی جووتیاریش لە ناخەوە جووتیارەکانی ڕاچلەکان، ئەم دوو هۆیە بوونە سەرەتای پەیدا بوونی وشیاری چینایەتی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تا کار بەوە گەیشت کۆڕە جووتیارەکان بوون بە مامۆستا، پارێزەر، دکتۆر ، دادوەر هتد، ئیتر سەردەمیش گۆڕاو لە ساڵی 1961یشدا شۆڕشی ئەیلوولی مەزن بەڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی بارزانیی نەمر هەڵگیرساو لەگەڵ یەکەمین تەقەدا، ئەو شۆڕشە، سیمای شۆڕشێکی جووتیاری وەرگرت، کۆڕە جووتیارە لە ستەم هەڵاتوەکان، کەند و لەندەکانی دەشتیان کرد سەنگەر و جێ حەوانەوەی خۆیان، دەیان هات و داستانەکانی میژووی ئەم کوردە خۆڕاگر و قارەمانەمان بۆ دەگێڕنەوە.

حەسەن حەیران یەکێکە لە قارەمانەکانی نێو ئەم دیرۆکەو کۆڕە جووتیارێکی ئەم دەشتە کاکی بە کاکیەی من بوو، ئیلهامی هونەر و ئازایەتی خۆی لە کێوی قەرەچووغ وەرگرتووەو بە هەوای بێگەردی کەندێناوەوە بەشێوەیەکی زۆر سادە کار لەگەڵ ڕووداوەکانی فیلمەکە دەکات، زۆر جوانیش بەرجەستەی کەشوهەوای لادێ ئێرانیەکان دەکات وەک خۆیان، تەنانەت موزیکی فیلمەکەشی لەسروشت وەرگرتووە، وەک دەنگی بالندەکان و چریکەی چۆلەکەو دەنگی دیکەی سروشت، بۆ ئەوەی سیمایێکی سادەو ڕاستەقینەی سروشت وەک خۆی بەخاتە توێ ی فیلمەکەی، منداڵێکی وەک موحسین ڕەمەزانی زۆر زیرەکانە توانییوویەتی ڕۆڵی ئەو منداڵە نابینایە ببینێ کە بێتە جێگەی سەرسوڕمانی ڕەخنەگران، لە کۆتایی فیلمەکەدا زۆر زیرەکانە هەوڵی ڕزگار کردنی خۆی دەدات لەسەر پردێکی خەتەرناک لەکاتی گەڕانەوەی دا بۆ گوندەکەی، مەجیدی توانستی زیرەکی و بلیمەتی و هێزی خۆڕاگری ئەو منداڵە نابینایە دەردەخات لەو چرکە خەتەرناکەدا .

مەجیدی هەوڵی داوە فیلمەکە گوتارێکی خێزانی و پەروەردەیی هەبێت زێتر لەوەی بیر لەبازاڕی فیلمەکە بکاتەوە، فیلمەکەی بۆ منداڵە، بەڵام لەمنداڵ زێتر سرنجی گەورەکان ڕادەکێشێ.

مەجیدی ستایلێکی ئەوتۆی لە فیلمەکەی دا بەکارهێناوە کە لەگەڵ دنیای تاریکی منداڵەکاندا بگونجێ ، ئەو دیقەتی هەرە گەورەی خۆی خستۆتە سەر هەست ـ جیهانی دەرەوەی نابیناکان، سوودی لەکەشو هەوای دێهاتەکان وەرگرتووە بۆ ئەوەی فیلمەکەی لەچوارچیوەی ئەو جیهانە تایبەتیەی نابیناکاندا بکات بەجیهانێکی ڕۆمانسی جوان، لەهەمان کاتیشدا کاریگەری دەنگە سروشتییەکان بەزیندووتر لە دەنگە دروست کراوەکانی موزیک نیشانی بینەر بدات، ئەوەیە وای کردووە بینەر بخزێنتە جیهانیی تاریکی نابیناکان و هەست کردن بەئیحساسەکانیان.



حەسەن حەیران

حەیرانبێژی شۆڕش و بەرگری

بەشی یازدەهەم



جەمال گردەسووری

ڕاستی حەسەن حەیران هەرچەند شەڕی دەشتی هەولێر و کۆیە کرابی بەشداری سەرجەم شەڕەکانی کردووە، دەتوانم ئەو ڕاستیە بڵێم لە هیچ شەڕێک نەبووە لەگەڵ نەبێت جگە لە چەندین شەڕی دیکە لە سلێمانی و شوێنێتر لەگاتی پێویست، کەسێکی زۆر بە هیمەت و بروایی زۆر بەهێز بوو ، کاتێ لە ئێرانیش بووین، خزمەتی منداڵی خۆی دەکردو کادیرێکی زۆر زیرەکیش بوو، هەردەم حەزی دەکرد خزمەتی کورد بکات، هەردەم حەزی دەکرد حزبایەتی بکات، حەزی دەکرد لەنێو خەڵکدا بگەڕێت، حەسەن ئەو شتانەی هەبوو، نەیدەویست کەسی لێ عاجز بێت، لەگەڵ هیچ کەسێدا گرفتی نەبوو.

پایزانیش غەمگین، غەگین دەچوومە نێو دونیای پڕ لە تراژیدیای جووتیارە چەوساوەکان وگوێ بیستی داستانی پڕ لە ئەفسانەی دیوەخان دەبووم و کۆچی بەرەو گەرمێنی قەتێ ڕەنگینەکانیش، لە خەوێکی قوڕس ڕایان دەچلەکاندم و دەمزانی ئێستر ئەوە بەرەو زستانێکی دوور و وشکە سەرمایەکی هەژار کۆژ هەنگاو دەنێین.

ئەم دەشتەی من، دیرۆکێکی پڕ لەهات و نەهات و بینەو بەرەی داگیرکەرانی کوردستانی پێوە دیارە، هەموو داگیر کەران پتر لەهەر شوێنێکی تر، لەسەر بەرروو بوومی ئێمە ژیاون و هەن بە سەدان ساڵ لێیان پاڵ داوەتەوەو لەشکرەکانی خۆیان لەسەر سکی برسی دەشتەکیەکاندا بەخێو کردووەو بواریان نەداوە ئەم خەڵکە وەک مرۆڤ بژی، کوژراون، تاڵان کراون، ڕەتێندراون، دەربەدەر کراون، ئەم دەشتەی من شایەدی ستەم و خوێنڕێژی هۆلاکۆ و جەنگیزخان و سەدان زۆرداریترە، هەر بۆیە ئێستاش سیمای خۆڕاگری و دەست و بازوو بەهێزی و ئازایەتی و وڵات پارێزی بەنێو چاوانی دەشتەکیەکانەوە دەبینم و هەرگیز خەڵکێکی مشەخۆڕو ترسنۆک بوو دەڵەیان تێدا بەدی دەکەم، ئەلبوومی بەسەر هاتەکانی دەشتەکەم، لە نەهاتی و ڕێژ دەستەیی و گەرمای سوتێنەرو سارەد زستان بەدەر شتێکی دیکەی تێدا بەدی ناکرێ، هەرگیز بەهاری بە خۆیەوە نەدیوە ، بەهار هەمیشە ئاسکێکی تیرپەڕ بووە، لە ساتەوەختێکی زۆر ناسکدا فەرهشی سەوزی خۆی پێچاوەتەوەو بۆنی کۆلێک وحاجیلەو کنێرو نیترگزی لێ حەرام کردووین، من نازانم چ سرێکە بەهار لەوڵاتی دەشتەکیەکاندا بێزارەو لەچاو تروکانێدا بەهاری تەمەنی لاوانم بەرەو دۆزەخی هاوین ڕاپێچ دەکا ، ئەم دەشتەی من، ساڵ بە ساڵی خۆزگە بە پار خواستووەو بە درێژایی سەربردەکانی خۆی، هەر شایەدی بینینی مەرگی نەوەکانی بووەو پێ بە پێ سەردولکەی بە دوای دیرۆکی پڕ لە غەم و حەسرەتی خۆیدا گوتوە، قات و قڕی، ستەمی دەربەدەگایەتی، چەوسانەوەی چینایەتی، کۆچ و کۆچباری بە زۆرە ملێ، تا دوا ساتەکانی سەردەمی ئەم ڕژێمە فاشیستەی بەعس و تەخت کردنی گوند و شوێنەوارەکانی، لە مەرگ زێتر، لە گریان و سینگ کوتان پتر، لە هاوار بە دوای تەرمی بە غەدر شەهید کراوی جەستەی خۆیدا ، شتێکی دیکەی شادی بەخشی بە خۆیەوە نەبینیوە، دەشتەکییەکان، لە ژیان و سەربوردەو گوزەرانیاند، لە ڕەفتارو کردارياندا، سیمای ڕاستی و بێ پێچ وپەناو قایمی و یەک دەندەبیان پێوە دیارە، دەشت ئاسا وەک بەری دەستن، ئەم سەر ڕاستییەیان بۆتە هۆی دۆڕاندنی زۆر شت، تەنانەت لە دوای دامەزراندنی حکوومەتی عێراقیشەوە بوون بە قوربانی تایبەتمەندی و سیما کانی خۆیان و ئەو زەوی و زارەی لە دەستیاندا بوو بە ئارەقەی نێو چاوانیان سەدان ساڵ پاراستبوویان و بە زەبری هەوجارِ خۆشیان کرد بوو، داستانی عیشقیش لە پەنا تەبارەی گەنم و ژێر دەواری زوورگەکانیدا تۆمار کران، کەریم و ستی نمونەی ئاوێتە بوونی عیشق و چەرمەسەری چەوساندنەوەی چینایەتین، هەر بۆیە کە هەزاران ساڵە کە حەیران بۆتە هۆی ئەم عیشقە پاکانەو لاوکەکانیش تراژیدیای شەهید بوونی دەیان کەریم و ستی و مەم و زین و دەرۆیشی عەقدی و دیرۆکی شەڕو بەسەر



مەزن بەڕێبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی بارزانیی نەمر هەڵگیرساو لەگەڵ یەکەمین تەقەدا، ئەو شۆڕشە، سیمای شۆڕشێکی جووتیاری وەرگرت، کۆڕە جووتیارە لە ستەم هەڵاتوەکان، کەند و لەندەکانی دەشتیان کرد سەنگەر و جێ حەوانەوەی خۆیان، دەیان هات و داستانەکانی میژووی ئەم کوردە خۆڕاگر و قارەمانەمان بۆ دەگێڕنەوە.

حەسەن حەیران یەکێکە لە قارەمانەکانی نێو ئەم دیرۆکەو کۆڕە جووتیارێکی ئەم دەشتە کاکی بە کاکیەی من بوو، ئیلهامی هونەر و ئازایەتی خۆی لە کێوی قەرەچووغ وەرگرتووەو بە هەوای بێگەردی کەندێناوەوە بەشێوەیەکی زۆر سادە کار لەگەڵ ڕووداوەکانی فیلمەکە دەکات، زۆر جوانیش بەرجەستەی کەشوهەوای لادێ ئێرانیەکان دەکات وەک خۆیان، تەنانەت موزیکی فیلمەکەشی لەسروشت وەرگرتووە، وەک دەنگی بالندەکان و چریکەی چۆلەکەو دەنگی دیکەی سروشت، بۆ ئەوەی سیمایێکی سادەو ڕاستەقینەی سروشت وەک خۆی بەخاتە توێ ی فیلمەکەی، منداڵێکی وەک موحسین ڕەمەزانی زۆر زیرەکانە توانییوویەتی ڕۆڵی ئەو منداڵە نابینایە ببینێ کە بێتە جێگەی سەرسوڕمانی ڕەخنەگران، لە کۆتایی فیلمەکەدا زۆر زیرەکانە هەوڵی ڕزگار کردنی خۆی دەدات لەسەر پردێکی خەتەرناک لەکاتی گەڕانەوەی دا بۆ گوندەکەی، مەجیدی توانستی زیرەکی و بلیمەتی و هێزی خۆڕاگری ئەو منداڵە نابینایە دەردەخات لەو چرکە خەتەرناکەدا .

مەجیدی هەوڵی داوە فیلمەکە گوتارێکی خێزانی و پەروەردەیی هەبێت زێتر لەوەی بیر لەبازاڕی فیلمەکە بکاتەوە، فیلمەکەی بۆ منداڵە، بەڵام لەمنداڵ زێتر سرنجی گەورەکان ڕادەکێشێ.

مەجیدی ستایلێکی ئەوتۆی لە فیلمەکەی دا بەکارهێناوە کە لەگەڵ دنیای تاریکی منداڵەکاندا بگونجێ ، ئەو دیقەتی هەرە گەورەی خۆی خستۆتە سەر هەست ـ جیهانی دەرەوەی نابیناکان، سوودی لەکەشو هەوای دێهاتەکان وەرگرتووە بۆ ئەوەی فیلمەکەی لەچوارچیوەی ئەو جیهانە تایبەتیەی نابیناکاندا بکات بەجیهانێکی ڕۆمانسی جوان، لەهەمان کاتیشدا کاریگەری دەنگە سروشتییەکان بەزیندووتر لە دەنگە دروست کراوەکانی موزیک نیشانی بینەر بدات، ئەوەیە وای کردووە بینەر بخزێنتە جیهانیی تاریکی نابیناکان و هەست کردن بەئیحساسەکانیان.

هاتبوون، سەرۆک بارزانیی نەمریش سەرپەرشتی هەموو لایەکی دەکرد، تا لە نزیکەوە هەم ئەو بریانە سارێژ بکات کە ئەو تاقمە خۆ فرۆشە بە فیتی دوژمنانی کورد و کوردستان، جەستەی شۆڕشیان زامدار کرد بوو، هەم دوا ڕەگی جاشان بنبڕ بکات و هێزەکانی ڕزگاری و خەباتیش دەوڵەمەند و پتەوتر بکات، ئێمەی دەشتی هەولێر گوند بە گوند دەسوڕاینەوە بە گوندەکانی کچان، تەڕەمار، گەورەدێ و بەرەو ئەو شوێنانە دەڕۆیشتین کە بۆمان دیاری کرا بوو، شەو لە گوندی گورەدێ بووین، ئیتر کۆڕو بەزمی پێشمەرگانە دەستی پێکرد، کەرەمستانێ، دۆمینە، زۆرانبازی و ..هتد، جارو باریش کاکە حەسەن سەر پیکی خۆش دەکرد و چەندین حەیران و لاوکی دەروون هەژێنی بۆ دەچرین، کوڕگەل جمان شایی دەستی پێکرد، گوند خڕوشا، بوو بە بەزمێک هەوای گوندی بە شێوەیەک خەملاند ڕەنگە پێشتر بە خۆیانەوەیان نەدەبینی، حەسەنیش کە جارو بار چاوی هەڵدەبڕی و بزەو لەنجەی کچێکی دەدی، دەبوە یەک پارچە ئیلهام، ئەوی دەیگوت، دووبارەی نە دەکردەوە، پتر لە سەعاتێک یەک بەین لاوک و حەیرانی چڕی کە تەواو بوو، پێشمەرگەکان سەد جار خۆیان بە قوربانی حەسەن و حەیرانەکانی کرد، لەبەر کچەتیم و باغەڵ شۆڕی دزەییان و گوێ بە گوارەی سیانان دەمردن، ستایشی گەردن بلووڕینی کچانی خۆشناوەتی و بەژن و بالای زراڤی بالەکایەتی و چاو قەترانی بڵباسان و مەمک فنجانی قەراجیان دەکرد، لەپڕ کوڕێکی گەنم ڕەنگی بالا کورت هەڵسا سەر پێ و گوتی ئەوێ خالۆ گیان، بە ساقەی چاوت بم گۆرانیەکی کوردیشمان بۆ نالێیی، حەسەن شێت بوو نێو چاوانی ئاگری لێ دەباری، خەنجەرت لێدابا نەیدەبڕی، ئەوەندە نەما بوو خوێن لە دەمارەکانیدا فیچقە بکا، وەک هەمیشەش قسە لە دەست بوو ، هەستا سەر پێ و تۆزێک لە کوڕەکە ڕاماو بە هێمنی گوتی: هەی..سەگباب ئەدی ئەمن سەعاتێکە... دەخۆم، ئیتر بەزم گەرمتر بوو، بوو بە پێکەنین.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/2/13 ژمارە (5932)
خەبات

گەڕان بەناو کتێبی دایک لە جیهانبینیی لەتیف هەڵمەت دا



ئاکۆ عەبدوڵا

ساڵی رابردوو لە دوو تۆی 506 لاپەڕەی قەبارەی گەورە و لە بەرگێکی جواندا، کتێبی (دایک لە جیهانبینیی لەتیف هەڵمەت دا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی دەروونی)، لە چاپخانەی سارای شاری سلێمانی چاپکرا. ئەو کتێبە لە نووسینی هەریەک لە مامۆستا فازیل شەوڕۆ و دکتۆر هاوژین سلێوەیە. ئەوەش دووەم پرۆژەی هاوبەشی نێوان ئەو دوو نووسەرە بە بڕشت و بە سەلیقەیەیە، دوای ئەوەی ساڵی 2017 کتێبی (جگەرە لە جیهانبینی شیعری شێرکۆ بێکەسدا) یان بڵاوکردەوە. بێگومان کاری دوو قەڵەمی، سەنگ و پێگەی گەورەی هەیە، هەرچەندە ئەو هاوبەشییە لە ناو نووسەرانی کورد دەگمەنە بەتایبەتی لە داڕێژتنی کاری ڕەخنەیی و ئەکادیمیدا، ئەوان وەک دوو نووسەری بە توانا و بە بڕشت، ناویان دەرکردووە. لەو چەند ساڵەی دوایی کە قەیرانە نەعلەتییەکان زەبری کەمەرشکێنیان لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەشدا، کەچی ئەوان بەوپەڕی جۆش و خرۆش کۆمەڵێک بەرهەمی دانسقەیان پێشکەش بە خوێنەر کرد، وەک لەو بەرهەمەشیاندا دەردەکەوێ ئەوەی زیاتر هاندەر و هۆکاری سەرکەوتنی ئەنجامدانی ئەو پرۆژە گەورەیەبنووە، ئەوەیە هەردووکیان پێشتر ئاشنای شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت بوون.



بۆ ئەونە لە لاپەڕە 472ی کتێبەکەیاندا هاتووە: مامۆستا فازیل لە ساڵی 1970 ئاشنای شاعیر و شیعرەکانیەتی، دکتۆر هاوژینیش تێزی دکتۆراکەی بە ناوی (ڕەهەندی دەروونی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا) نووسیوە و ساڵی 2013 بڵاویکردۆتەوە.

بەڵام لەبەرچی لەتیف هەڵمەتیان بۆ ئەو پرۆژەیە هەڵبژارد؟ لە لاپەڕە 132ی کتێبەکەدا بەو جۆرە وەڵامیانداوەتەوە (لە ئەدەبی کوردیدا، شاعیرێکی دیکەمان پێ شک نایەت، بە قەد لەتیف هەڵمەت دەقی شیعری لە بارەی دایک {بە هەمو شێوەکانییەوە} دارشتبێ). لە لاپەڕە 474 یشدا هاتووە (لە ئەدەبی کوردیدا لەتیف هەڵمەت خاوەنی زۆرترین دەقە شیعرە لەسەر دایک). هەروەها لە لاپەڕەکانی 366و374 ئاماژە بەوەدراوە (ناوبراو تا کاتی نووسینی ئەو کتێبە (142) دەقی شیعری تایبەت بە دایک هەیە). بەهەمان شێوە لە لاپەڕە 404 هاتووە (لە سەرەتای تەمەنییەوە تاکو ئەم چرکە ساتە (2018) دایک خۆشەویسترین و نزیکترین بونەوەر و هاوڕێ و دۆستی لەتیف هەڵمەتە، تەنانەت زۆر لە شیعرە دڵداری و ڕۆمانسییەکانیشی سێبەر و سیمای دایکیان پێوەدیارە).

ڕاستە ناوبراو لە شاعیرە بە بڕشت و بە تواناکانە، بەڵام هۆکاری ئەو هەموو لە چوارچێوەگرتنەی دایک بۆچی دەگەڕێتەوە؟ بێگومان زیاتر لە شوێنێکی ئەو کتێبە هۆیەکەی بۆ کارەساتە تراژیدیایەکەی مردنی دایکی دەگەڕێتەوە، لەو کاتەی کە ئەو لە تەمەنی هەرزەکاریدابوو، دوای ئەوەی لە حەوشەی ماڵەکەیان بە پێش چاوی خۆی، دایکی ئاگری گرتووە و مردووە، بەبێ ئەوەی ئەو بتوانێ ڕزگاری بکات. ئەوە ئەو دیمەنەیە کە هەردەم لە پێش چاوی شاعیرە و بەردەوامیش لە یادگای ئامادەیی هەیە. نووسەرانی ئەو کتێبەش تۆڕێنەوە دەروونیەکەیان لەو ژمارە زۆرەی دەقە شیعرەکانی ناوبراو لەبەر ئەو ئامادەبوونەیە. لەو بارەشەوە لە لاپەڕە 149ی کتێبەکە بەشێک لە قسەی لەتیف هەڵمەت دانراوە کە دەڵێت: "خۆشەویستی من بۆ دایکم جیاوازبوو، قەت قەناعەتم نەدەکرد مردووە، شیعرم بۆ دەنووسی وەک ئەوە وابێ بۆ کەسێکی زیندووم دەنووسی". بۆیە لە زۆربەی شیعرەکانی وەک زیندو بەرجەستەی کردووە، تەنانەت لە هەندێکیاندا دەیالۆگی لەگەڵ دەکات یاخود وەک ئەوە وایە دایکی لە بەرامبەریێ و ڕۆڵی گوێگر ببینێ.

هەر بۆیە لە لاپەڕە 303ی کتێبەکەشدا هاتووە (لە شیتەڵکاری شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، بۆنوبەرامەی ئەو سێبووری و وردبەرزییە لە دوو شتدا دەخوێنینەوە: یەک سێبووریدەری ئەو بە پلەی یەکەم شیعرەکانیەتی. دوو: لە ساباتی دایکە کۆچکردووەکەیدا، هەست بە بوونی سێبووری و ئارامی دەکات. بۆیە بە ئاشکرا لە ساتەوەختی دڵپڕی و نائومێدی و ڕەشبینیدا، زوو بە {شیعرەکان و بە دایکییەوە} سێبووری خۆی دەداتەوە). لە لاپەڕە 317 شدا هاتووە (لەتیف هەڵمەت ئەوەندە لە بابەتی دایک وردبۆتەوە کە پێی وایە هەموو شتێک دایکی هەیە، بەتایبەتی لە دیاردەکانی سروشتدا). پێشتریش لە لاپەڕە 131ئاماژە بەوە دراوە (شاعیر بازنەی چەمکی دایک و جیهانی دایکی خۆی و دایکانی دیکەی فراوانکردووە و کردویەتی بە کلیل و قوفڵی چەندان کایەی هزری و فەلسەفی و ئەدەبی کە پێشتر بەم شێوەیە پێیان ئاشنانەبووین). دواتریش لە لاپەڕە 474 ئەوە دەخوێنینەوە (لەتیف هەڵمەت هەوڵیداوە (دایک) بکاتە کەرەستەی خاوی زۆربەی ڕشتە شیعرییەکانی: لە سۆزداری و غەزل و دڵداری و سیاسی و بەرەنگاری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەکاری و ژینگەیی و ساتیر و شیعری منداڵان....).

سەبارەت بە لایەنە دەروونییەکەی بەرهەمەکەشیان، لە لاپەڕە 12ی کتێبەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، میتۆدی ئەو لێکۆڵینەوەیان فرە ڕشتە. تێیدا بواری میتۆدی وەسفی و بەراوردکاری و میتۆدی شیکاری و دەروونشیکاری پەیڕەوکراوە. بۆیە بۆ دەقەکان لێکدانەوەی جۆراوجۆری زانستی و دەروونی و عەقڵانەیان کردووە و ئامارەشیان بە هەندێک لە قوتابخانە دەروونیەکان و ڕێبەرەکانیان داوە و بۆ هەندێکیشیان هێلکاری و هاوکێشەی شیکارییان ئامادەکردووە. بێگومان ئەوەش سەنگی بەرهەمەکەی قورستركردووە. وەک لە لاپەڕەکانی (124و 145و 182و 213و 236و 280و 326و 420و 422) دەبینرێن.

دوای ئەوەی پێگەی دایکییان بە دریژایی میژوو لە کۆمەڵگە نیشانداوە، بەر لەوەی لە دەروازی شیعرەکانی تایبەت بە دایکی لەتیف هەڵمەت بدەن، کۆمەڵێک دەقی شاعیرانیان هێناوەتەوە کە لە بارەی دایک دایانڕێژتووە، لەوانە قوبادی جەلیزادە، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، شێرکۆ بێکەس، نەزەند بەگیخانی و عەبدوڵا جەوهەر و...

یەک لە تایبەتمەندیەکانی دایک لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، وەک لەو کتێبەدا دەبینرێت ئەوەیە، ئەو هەردەم دایکی بە میهرەبانی و نەمری کێشاوە. لە لاپەڕە 203شدا هاتووە (دێرە شیعرێک نادۆزیتەوە بۆن و بەرامەی سەردولکە و لاوانەوە و گریان و فیغانی تێدابێ، ئەو زیرەکانە پتر کاری لەسەر ستایلە هونەرییەکە و زمانە شیعرییەکەی خۆی کردووە بۆ گەیشتن بە ئارامی ڕۆحی و دڵنەوایی دەروونی، سەرکەوتووانەش بە مەرامەکەی گەیشتووە).

ئەم کتێبە لە پێنج بەش پێکهاتووە بەو ناونیشانانە: بەشی یەکەم: دایک و دایکایەتی. بەشی دووەم: دایک لە ئەدەب و کەلتوور و هونەردا. بەشی سێیەم: دایک لە جیهانبینیی شیعری لەتیف هەڵمەتدا. بەشی چوارەم: شیکردنەوەی دەقە شیعرەکانی دایک لە کۆ بەرهەمی (لەتیف هەڵمەت)دا. بەشی پێنجەم: دایک لە شیعری منداڵانی (لەتیف هەڵمەت)دا. هەر بەشێکیش لە کۆمەڵێک تەوەرە پێکهاتووە کە لە کۆتایی هەر تەوەرەیەک، وەک دەرەنجام، پوختەی تەوەرەکە دەبینرێ. ئینجا بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فارسی، پوختەی کتێبەکە دەبینین.

دواتریش لیستی سەرچاوەکان کە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و سریانی و لە هەردوو شێوەی نووسراو و ماڵپەڕی ئینتەرنێت، ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەی جۆراوجۆر ڕێزکراون. لە کۆتایشدا پرۆفایلی هەردوو نوسەرەکە دەخوێنینەوە.

سەبارەت بەو پرسیارە، لەبەرچی دایکییان کردۆتە تەوەرەی ئەو پرۆژە گەورەیە؟ لە لاپەڕە 472 هاتووە (دایکمان کردە ناونیشانی باسەکەمان، چونکە ویستمان لە ناونیشانە تەقلیدیەکان دوورکەوینەوە هەوڵبدەین دەست بۆ بابەتێک بەرین کە پێشتر کاری لەسەر نەکرابێ. ئەوەندەی بۆمانکرابێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی باری دەروونی و کەسێتی دەقتووس (مەبەست شاعیرە) لێکۆڵینەوەکەمان ئەنجامداوە). ئەوەش واتای ئەوەیە یەک لە گرنگی و تایبەتمەندیەکانی ئەو کتێبە بۆ بێهاوتایەکەی دەگەڕێتەوە، وەک لە لاپەڕە8 بەو جۆرە جەختی لێدەکەنەوە (نایشارینەوە ئەوەی نەوتی چرای ئەم نووسینەی ئێمەی خۆشتر و بڵێسەدارتر دەکرد، ئەوەبوو، تا پتر لە سەرچاوەکان ورد دەبوونەوە، ناونیشانی وەکو کتێبەکەی خۆمان نەدەهاتە بەرچاو، تەنانەت هاوژین سلێوە لە کتێبفرۆشە فارسەکانیشی دەپرسی و دەیانگوت لە کتێبخانەکانیان ئەو جۆرە ناونیشانەیان نەدیوە، لە ئەدەبی عەرەبیشدا، تەنها لەسەر (دایک) بەگشتی نووسراوە نەمان دی لێکۆڵەرێک وەک ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەی لەسەر کردبێ. ئەمانە بۆ ئەدەبی ئینگلیزی و سریانیش دروستن).

سەبارەت بە ستایلی نووسینی ئەو بەرهەمەش لە لاپەڕە 471 بەو جۆرە ئاماژەی بۆ کراوە (لە ڕاستیدا پڕ بە دڵ حەزمان دەکرد، کە بە بونیاتێکی زمانەوانی و فەرهەنگی جیاوازتر لەو زمانە و فەرهەنگەی کە لێرەدا دەیخوێنیتەوە پەیڕەو بکەین و ویستمان شێوازی زمانەوانی کتێبی (جگەرە لە جیهانبینیی شیعری شێرکۆ بێکەسدا) دووبارە نەکەینەوە، بێ خۆهەڵکێشان دەمانتوانی. بەڵام بۆ ئەوەی کتێبەکە گەورەترین ڕوبەری جوگرافیای ئاستەکانی خوێنەر بگرێتەوە، واتای خوێنەرێکی قۆناغی ناوەندی تا بڕوانامەدارەکان بگرێتەوە- ئەم شێوازەمان هەڵبژارد و هەوڵیشماندا لە پەراوێزەکاندا زانیاری پێویست بخەینەڕوو، هەم ڕەخنەی ئەدەبیش دەبێ زمانەکەی سادەبێ). پێشتریش لە لاپەڕە469 بەو جۆرە ئاماژەیان پێداوە (کاتێک ڕەخنەگر و تۆێژەر و لێکۆڵەر، کار لەسەر دەقێکی ئەدەبی دەکەن و بە پسپۆڕایەتی و شارەزایەتی و وەستاکاری خۆیان، بەگەڕان و سۆراغ و شەونخونی لە نێو سەرچاوەکاندا، پەیامگر بە زانیاری و مەعریفەی نوێ دڵخۆش دەکەن، کتومت وەک چۆن شوێنەوارناس بە فلچە و مەکارە و تەوشوو و قازمە و تەنانەت موکێش و سوڕێش کنە و پشکنینەکانی ئەنجامدەدات، ئەوانیش بە دوای ڕاستی و دروستی (وشە)یەک، جار هەیە چەندان فەرهەنگ بە چەندان زمان سەرو بن دەکەن. چاپکردنی بەرهەمەکەی ڕەخنەگر و تۆێژەر و لێکۆڵەر، نە کۆتا قۆناغی دەقنووسە و نە کۆتا قۆناغە بۆ پەیامگر. بەڵکو سەرەتای قۆناغێکی تازەیە بۆ پەیامگر و ڕەخنەگرانی دیکە).

گۆنسالۆ مارکیس کریستۆ

شاعیری کۆڵۆمبی ئاڵووە بە بینینی سروشت



بۆتان جەلال

ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی دیاردەی گەشەکردنی بواری مەعریفی لە خۆ دەگرێت و خەریکە پانتاییەکی فراوان لەنێو تاکی ئەو کۆمەڵگایانە داگیر بکات، کە تاکو دوێنێ ڕێژەی نەخوێندەواری و گرنگی نەدان بە ڕۆشنبیر سیمای دیاریان هەبووە، یەکێک لەو شاعیر و ڕۆمانووسانەی کە لە ئەدەبی کۆڵۆمبیدا ڕۆڵێکی دیار و کاریگەر دەگێڕێت (گۆنسالۆ مارکیس کریستۆ)یە، ئەم نووسەرە لە ساڵی 1962لە پایتەختی کۆڵۆمبیا (بوگۆتا) هاتۆتە دنیا، لە پاڵ شیعر دەستی لە نووسینی چیرۆکیشدا هەیە و ڕۆمانووسێکی سەرکەوتووی کیشوەرەکەیانە، ئەمە جگە لەوەی لە وتاری ڕۆژنامەوانی و ڕەخنەی ئەدەبی و هونەریشدا قەڵەمێکی نوکتیژ و چالاکە، یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بەناونیشانی (کارەساتی گوڵ) لە ساڵی 1988 بە چاپ گەیاندووە.

پاشان کۆمەڵە شیعری (ئازادی وشە) لە 2001و (لە دایکبوونێکی تر) لە ساڵی 2005بڵاو دەکاتەوە.

لەسەر ئاستی ڕۆماننووسیشدا تا ئەمڕۆ دوو ڕۆمانی نووسیوە، یەکەمیان بەناوی (وەرزی موهەڕیجەکان) و ئەوی دیکەیان بەناوی (گەردەلوول) کە لە ساڵی 1998چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە.

گۆنسالۆ مارکیس کریستۆ یەکێکە لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری (کۆمۆن برسەنیا)ی سەر زمانی کوردی:

ئافرەتێک لەبەردەم ئاوێنەدا
وەستاوە و لە ڕۆحی خۆی یاخی بووە
جارجارەش هەر لەبەردەم ئاوێنەکەدا
خۆی ماچ دەکات
پێدەچێ لە لایەکی ئاوێنەوە
منداڵێک خۆی لە نێو جل و بەرگاندا
شاردبێتەوە
هەوڵی خۆکوشتنی خۆی دەدات
فرمێسکی پیاوێک تنۆک تنۆک
دەڕژێتە ناو فنجانی قاوەکەی بەردەمی
کچێکی هەرزەکار
بە پەنجەی میلی کاتژمێر
ڕادەگرێت و ناز دەکات
لەگەڵ -بـا- دا نامەیەک
گەیشتۆتە ئەوێ
و
کەس لە ناوەڕۆکی حاڵی نابێت
تۆش لەسێبەرەکەت یاخی بووی
ئێمەش خۆمان ئامادە دەکەین
لە هەموو ئەو کەسانەی
لە دڵمانن و خۆشمان دەوێن
باشترە، دوور بکەوینەوە و
یان ڕابکەین
ئەو کەسەی ڕاشبکات لە بیر دەکرێت
-بـا- گفتوگۆی ئاگریی ئەنجام دەدات
چاوەڕوانی دەنگم بکە
گەشت پێچەوانەی مردنە
مادام تۆ فیلاً لە چۆلەکە دەکەیت
بەڵام ئێمە بە هەموو ئەو شتانە گومڕا نابین



رۆنالدۆ: کاتی خۆی ناچاریان کردم لەبەرشلۆنە بڕۆم

رۆنالدۆی دیاردەی بەرازیلی ئاشکرای دەکات کە چۆن لە ساڵی 1997یانەی بەرشلۆنەی جێهێشتووە



رۆنالدۆی ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیلی ئاشکرای دەکات کە بەهیچ شێوەیەک نیازی ئەوەی نەبووە لە ساڵی 1997یانەی بەرشلۆنە جێبهێڵێت، بەڵام ناچاریان کردم کە ئەو یانەیە جێبهێڵم، هەروەها گوتی: لەکۆتایی وەرز دەبوایە گرێبەستەکەم تازە بکەمەوە، بەڵام ئەوکات چوبوومەوە بەرازیل بۆ ریزی هەڵبژاردە یارییان هەبوو، لەوێ تەلەفۆنیان بۆ کردم کە ناتوانم گرێبەستەکەم تازەبکەمەوە، واتە بەردەوامبوونم لە یانە کەتالۆنیەکە لەدەست خۆم نمابوو.



لەخولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان:

یانەی چەمچەماڵ بەفەرمی سەرکەوت بۆ خولی نایابی کوردستان

یانەی هەڵۆ یەک هەنگاوی ماوە بگاتە خولی نایابی کوردستان

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: تەڵەعەت نوری

سێشەمەی رابردوو لەیاریەکانی گەڕی دوازدەهەمینی خولی تۆپی پێی یانەپلەیەکانی کوردستان چەندین یاری گرنگ و چارەنووسساز بەرێوەچوو، لەوانە لەیاریگای یانەی چەمچەماڵ، هەردوو یانەی چەمچەماڵ وخاک بەیەکگەشتن، یاریەکە لەبەرژەوەندی خاوەن یاریگا کۆتایی هات دوای ئەوەی یانەی چەمچەماڵ توانی بەئەنجامی دوو گۆڵی بێ وەڵام لەیانەی خاک بباتەوە و 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە مسۆگەر کرد، بەم سەرکەوتنە یانەی چەمچەماڵ دوای کۆکردنەوەی 23خاڵ بەفەرمی سەرکەوت بۆ ریزی یانەپلەنایابەکانی کوردستان ، لەبەرانبەردا یانەی خاک بەم ئەنجامە هەر لەپلەی دەیەم مایەوە بەکۆکردنەوەی 9خاڵ.

لەیاری دووەمدا و لەیاریگای یانەی وەرزشی سۆران، هەردوو یانەی هەڵۆ وخانەقین ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یاریەکە یاریەکی هەستیار و بەهێز بوو بۆ یانەی هەڵۆ، لەئەنجامدا یانەی هەڵۆ یاریەکەی بەئەنجامی دوو گۆڵی بێ وەڵام لەیانەی خانەقینی بردەوە، یانەی هەڵۆ بەم بردنەوەیە تەنها یەک هەنگاوی ماوە بۆ گەیشتن بۆ ریزی یانەپلەنایابەکانی کوردستان، بەتایبەتی ئەگەر یانەی هەڵۆ لەیاری داهاتوودا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا سەرکەوتنی بۆ ریزی خولی نایابی کوردستان مسۆگەر دەکات.

یاری نێوان کۆیە و ئاسۆش تەواو نەکرا و یاریەکە بەفیکەی ناوبژیوان کۆتایی پێهێندرا .

ئەنجامی یاریەکانی دیکە بەمشێوەیە بوو:

سەید سادق *0ئاشتی 1
ئاکرێ *3شەقلاوە 1
ئالتون کۆپری *0ڕزگاری 0
پێوستە بگوترێ خولی یانەپلەیەکانی کوردستان ئەم وەرزە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەڕێوەچوو، واپێشبینی دەکرێت دوای سەرکەوتنی یانەی چەمچەماڵ بۆ خولی نایابی کوردستان، یانەی هەڵۆش چاوەڕێی یاری داهاتووە ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەوا ئەمەیش بەمسۆگەری مژدەی سەرکەوتنی بۆ خولی نایابی کوردستان ڕادەگەیەنێت.

پایسکلسواری یانەی برایەتی لە دیمانەیەکی خەباتدا

ئیناز جونێد: شوێنێکی گونجاومان نییە بۆ ڕاهێنانی پایسکلسواری


دیمانە: سۆزان سلێمان

ئیناز جونێد کچ پایسکلسواری بەتوانای یانەی برایەتی لە دیمانەیەکدا بۆ خەبات باس لە ژیانی وەرزشی خۆی و هەروەها ئەو کێشانەی ڕووبەرووبوونەوە دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 2012دەستم بەو یاریە کردووە و سەرەتا لە یانەی پێشکەوتن دەستم پێکرد دوایی چوومە یانەی هەولێر و لە ئێستاشدا لە یانەی برایەتی یاری دەکەم بەردەوامم، هەروەها گوتی: پێشتر یاریەکانی دیکەی وەرزشیم کردووە، بەڵام ئێستا هاتوومەتە ناو وەرزشی پایسکلسواری، چونکە ئەو یاریەم زۆر پێ خۆشە، ئەگەرچی لەبەر خوێندن چەند ساڵێک دابڕابووم، بەڵام لە ئێستادا بەتەواوی گەڕاومەتەوە ناو ژیانی پایسکلسواری.

نەبوونی بایەخ بە پلیسکلسواری هەروەها ئەو کچە پایسکلسوارەی یانەی برایەتی گوتی: لە کاتی ئەنجامدانی ڕاهێنانەکاندا لەسەر شەقام ڕووبەرووی قسەی ناشرین یاخود شکانەوەی ئۆتۆمبێلەکان بۆ سەر ئێمە و زۆر کێشەی تریش بووینەوە، لە پرسیاری ئەوەی کە ئایا پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی وەرزشی پایسکلسواری پێشکەوێت؟ ئەو گوتی: پێم باشە زیاتر پەرە بە وەرزشی پایسکلسواری بدرێت وەکو یاریەکانی تر ئەو بایەخەی پێبدرێت.

نەبوونی شوینی گونجاو بۆ ڕاهێنان دەربارەی بەشداریکردنی لە پێشبڕکێیەکان خاتوو ئیناز دەڵێت: لەگەڵ یانەی برایەتی بەشداری پاڵەوانێتی کوردستان و عێراقمان کرد و پلەی دووەمان بەدەستهێنا و لە داهاتوویەکی نزیکدا بەشداری پاڵەوانێتی دەرەوەش دەکەم، لە ئێستاشدا وەک یانەی برایەتی خۆمان ئامادەدەکەین بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی عێراق و پاڵەوانێتی دەرەوە ، بەڵام بەداخەوە شوێنی ئەنجامدانی ڕاهێنانەکانمان، بەردەوام لەسەر شەقامی 120مەتری ڕاهێنانەکان دەکەین.







راهێنەری ئەیاکس: زۆر هەڵەیە بەرشلۆنە ڕێگا بە دی یۆنگ دەدات بچێتە پێشەوە

ئیریک تین هاج راهێنەری یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی ڕەخنەی لە ڕۆلی دی یۆنگی یاریزانی هێلی ناوەڕاستی بەرشلۆنە گرت، لە شێوازی یاریکردنی تیپی کەتالۆنی.

راهێنەری ئەیاکس ڕەخنەی لە سیستینی راهێنەری بەرشلۆنە گرت کە ڕێگە بەو یاریزانە دەدات زۆر بچێتە پێشەوە، هەروەها دەڵێت: دی یۆنگ گۆڵکار نییە، بەڵکو ئەو یاریزانێکە بەرپرسە لە ئاراستەکردنی توڕپ بۆ هێرشبەران و هەروەها دروستکردنی گۆڵ، ئەوەی ئێستا راهێنەری بەرشلۆنە بەرامبەر ئەو یاریزانە دەیکات هەڵەیە، زۆر جار ئەمەشم بە دی یونگ گوتووە.



گۆشتی کۆڵۆمبی یاریزانێکی تێنس لە تۆمەتێک ڕزگار دەکات

یەکێتی تینسی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە ڕۆبێرت فەرح تێنسزانی کۆڵۆمبی لەو پشکنینە دەرچوو کە تۆمەتی ئەوەی درابووە پاڵ کە بنەماکانی دەرمانی وزە بەخشی پێشێل کردووە.

قەرەحی تەمەن 32ساڵ لەبەر چەند هۆکاریکی کەسیتی لە پاڵەوانێتی ئوسترالیای کراوە کشایەوە، بەر لەوەی یەکێتی تێنسی نێودەوڵەتی ڕایگەیەنیت کە ئەو تێنسزانە دەرمانی وزەبەخشی بەکارهێناوە.

ڕۆبێرت فەرح پشکنینی بۆ کرا و دەرکەوت کە گۆشتی کۆڵۆمبی خواردووە، وە بەرپرسانی تینسی نێودەوڵەتی قەناعەت پێهێناوە کە چێن ئەو ماددەیەی بەکارهێناوە.

کلینزمان دەستی لە راهێنەرایەتی هێرتا بەرلین کێشایەوە

دوای کەمتر لە سێ مانگ لە راهێنەرایەتی کردنی یانەی هێرتا بەرلین، یۆرگن کلینزمامی راهێنەری ئەڵمانی ڕایگەیاند کە دەیتبەرداری ئەرکی راهێنەرایەتی ئەو یانەیە دەبێت.

کلینزمان دەڵێت: دەمەوێ سوپاسی جەماوەر و یاریزانانی هیرتا بەرلین بکەم، هەروەها هەموو ئەوانەی لەگەڵم بەردەوام بوون، بۆیە واز دێنم چونکە ناتوانم بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرم.

جێی باسە کلینزمانی تەمەن 55ساڵ تەنها لە 10یارییدا راهێنەرایەتی ئەو یانەیەی وەرگرت و تەنها سێ یاری بردەوە.

ڕیدز داوای چوکویزی دەکات و ڤیاریالیش ڕەتی دەکاتەوە




ساموێل چوکویزی هێرشبەری لاوی یانەی ڤیاریال سەرنجی یانە گەورەکانی ئەوروپای بۆڵای خۆی ڕاکێشاوە، لەپێش هەموویانەوە یانەی لیڤەرپوول، کە تەنها چاوی نەبڕیوەتێ، بەڵکو چۆتە گفتوگۆوە تاوەکو لە گواستنەوەی میرکاتۆی هاوینەدا بیباتە ڕیزەکانیەوە.

ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یانەی ڕیدز بڕی 35ملیۆن یورۆی خستۆتە بەردەم ئەم یاریزانە تەمەن 20ساڵییە، بەڵام یانەی ڤیاریال ئەو بڕە پارەیەی ڕەتکردۆتەوە.

جێی باسە ئەو یاریزانە لاوە ئەمساڵ لە زۆربەی یاربیەکانی لالیگادا بەشداری کردووە و ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە و زۆرێک لە یانەکانی ئەوروپا لەهەوڵی ئەوەدان بیهنە ڕیزەکانیەوە، بەڵام یانەی ڤیاریال داوای پارەیەکی زۆر دەکات.



ناوبژیوانەکەی بەرشلۆنە و بیتس سزادرا



سەرچاوە هەواڵەکان لە ئیسپانیا بڵاویان کردەوە کە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیا لە بڕیارێکیدا سانچیز مارتینیزی ناوبژیوانی یاربیەکەی بەرشلۆنە و ریال بیتیس سزا داوە، چونکە پەنالتییەکی دروستی بۆ بەرژەوەندی مێسی نەژمارد.

یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانی وتڕای ئاگادارکردنەوە، ڕێگە نادا ئەو ناوبژیوانە لەجەوڵەی داهاتوودا ئەرکی ناوبژیوانێتی پێ بسپێردرێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu.13. Feb. 2020 No: (5932)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

گوڵێ حەسەن بۆ «خەبات»: هیچ کات پێم باش نییە گرنگی بە درامای بیانی بدرێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ کلتووری ئێمەدا ناگونجێت

نوێترین کاری هونەریم بەشداریکردنمە لە درامای (گورگەکان)



دیمانە: پەریهان عومەر

گوڵێ حەسەن لە دایکبووی شاری سلێمانیە لە ساڵی (1971) دەرچووی ئامادەیی و لەساڵی (2011) چۆتە ناو دونیای هونەرەوە و بەشدای چەندین فیلم و دراما و فیستیڤاڵ و بەرنامەی تەلەفزیۆنی کردووە، ئێستا فەرمانبەرە لە بەشی سینەمای سلێمانی لەبەرئەوەی کاتی خۆی نەیتوانیوە بچێتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بۆیە ئێستا لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتیەکەیەوە هاتۆتە ناو دونیای هونەرەوە.

لەبارەی ئەو دراما دۆبلاژکراوانە گوڵێ گوتی: کاری دۆبلاژکراو هەر چەند خۆم یەکێکم لە دۆبلێرە بەهێزەکان بەڵام هیچ کات پێم باش نییە گرنگی بدرێت بە درامای بیانی لەبەرئەوەی لە هەموو رووبەرکەوە لەگەڵ کلتووری ئێمەدا ناگونجێت بە بۆچوونی من دەبێت گرنگیەکی زۆر بدرێت بە درامای کوردی و هەموو کەناڵەکان ئامادەبن بۆ پەخشکردنی دراماکانی خۆمان و حکوومەتیش لە هەموو رووبەرکەوە پشتگیری هونەرو هونەرمەندان بکات بۆ ئەوەی کاری جوان و باش بەرهەم بهێنن.

گوڵێ باس لە کاری تازەی دەکات و دەڵێت: نوێترین کاری هونەریم بەشداریکردنە لە درامای (گورگەکان) کەلە دەرهێنانی (میهران شیری)ەو یەکێکم لە ئەکتەرە سەرەکیەکان و هیوادارم بە دڵی هەموو لایەک بێت.

لە پرسیاری ڕۆڵی سەرەکیدا دەڵێت: لەئێستادا بینینی ڕۆڵی سەرەکی قورسە بەڵام وەکو هەست و وەکو کاریش خۆشترە. هەر چەندە ڕۆڵی سەرەکی لە زۆربەی فیلم و دراماکاندا لە ئاست تەمەنی منداا نەماوە بەڵام سەرەکی ژمارە دوو هەیە وەک ڕۆڵی دایک یان مامۆستا یان کەسێکی تەمەن مام ناوەند کە بۆ من زۆر مایەی خۆشحاڵیەو هیوادارم هەر کارێک بۆ لەمەودوا کە دێتە بەردەمم ڕۆڵی سەرەکی بێت.

چاویلکەیەکی ئەلیکترۆنی بەرهەمی شیری مانگا باشتر دەکات



لە کێڵگەیەکی دەرەوەی مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا چاویلکەی پێشکەوتووی تەکنەلۆژی دەکرێتە چاوی مانگاکانەوە و بەرپرسان پێیان وایە ئەو تەکنەلۆژیایە دەبێتە هۆی زیادبوون و باشتربوونی جۆری شیرەکە.

وەزارەتی کشتوکاڵی ڕووسیا ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەم تاقیکردنەوەیە بڵاوکردەوە و هەروەها چەند وێنەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەردەکەوێت مانگاکان ئەو جۆرە چاویلکەیەیان لەچاو کردووە.

شایەنی باسە وەزارەتی کشتوکاڵی ئەو وڵاتە جەخت دەکاتەوە کە توێژینەوەی لەو بارەیەوە ئەنجام داوە و دەڵێت ژینگەی دەوروبەری مانگاکان کاریگەری گەورەی لەسەر بڕ و جۆری شیرەکەی هەیە ئەمەش وای لە بەخێوکەرانی ئاژەڵ و ئەو کەسانە کردووە کە کار لە تەکنەلۆژیا دەکەن بە هاوکاری پزیشکە ڤەیتەرنەرەکان و ڕاوێژکار و تایبەتمەند و پسپۆڕی بەرهەم هێنانی شیرەمەنی ئەو تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەن.

دوای لەچاو کردنی چاویلکەکە مانگاکان وێنە و ڤیدیۆی کێڵگەکانی هاوین دەبینن کە پڕە لە سەوزە و گژ و گیا و ئاو و ڕوبەرێکی زۆری سەوزای و وەک ئەوە وایە ژیانێکی نمونەی بێت بۆ مانگاکان.

CNN بڵاویکردۆتەوە ئەو تاقیکردنەوەیە هەتا ئێستا بەردەوامە بەڵام جارێ دەرنەکەوتووە ئایا کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبونی ڕێژەی بەرهەم هێنانی شیر یاخود نا. بەڵام ئەنجامە دەسپێکییەکان ئاشکرای دەکەن دڵە ڕاوکێی لەناو مانگاکان کەمی کردووە. هەروەها هەندێک لەو کەسانەی خاوەن کێڵگەن و ئەو ئاژەڵانە بەخێو دەکەن دەڵێن تاقیکردنەوەیەکی بەسوودە و وا لە مانگا دەکات زیاتر دڵخۆش بێت ئەمەش وای لێ دەکات تەندروستی باشترو (بەرهەم هێنانی) شیری زۆرتر بێت.



(چیای حەسەن بەگ- فۆتۆ: سەید مەجید بەرزنجی)

ئای لەم بەفرە باریوە، زەوی یەک پارچە زیوە



بلوتوس بووەتە مەترسی بۆ زۆرێک لە ئامێرەکان



تووێژەرانی سەلامەتی زانیاریەکان، هۆشداری لە کێشەیەکی "بلوتوس" دەدەن، کە ملیۆنان ئامێری هۆشمەندی خستووەتە بەردەم هەڕەشە، کە هاکەکەران دەتوانن لە ڕێگەیەوە دەستیان بە زانیاریەکان بگات. بە گوێرەی تووێژەران، پێکبەستنەوەی بیستۆک و پرێنتەر و ئامێرەکانی دیکە لە ڕێگەی بلوتوس بە مۆبایلە هۆشمەندەکان، سەلامەت نییە و هاکەکەران دەتوانن بە ئاسانی دەستیان بە داتاو زانیاری ناو ئامێرەکان بگات.

تووێژەران ڕوونی دەکەنەوە، هاکەکەران دەتوانن داتاکان بدزن، یان گوێ لە ناوەڕۆکی ڤیدیۆکان بگرن و تەنانەت ناوەڕۆکەکەی بگۆڕن، بۆ ئەو ئامێرانەی کە پێشتر لە ڕێگەی بلوتوزەوە بە ئامێری دیکە بەستراونەتەوە. بە گوێرەی وێبسایتی ماشابڵی تایبەت بە هەوالّی تەکنەلۆجی، ئەو گرفتەی لە بلوتوس هەیە، کۆدی سەرەکی ئامێرەکە بۆ پەیوەندیکردن بە هاکەر دەدات و دەتوانێت کۆنترۆڵی ئالۆگۆڕی داتاکان بکات لە نێوان مۆبایلی هۆشمەند لەگەڵ ئەو ئامێرەی پێکبەستراونەتەوە، بەو جۆرەش هاکەکەران دەتوانن هەرچی زانیاریی ناو مۆبایلەکە هەیە، بەر دەستیان بکەوێت.

پسپۆران لە زانکۆکانی سەنگافورە بۆ تەکنەلۆجیا و نەخشەسازی و ئۆکسفۆرد و دامەزراوەی سیسبا، کە دامەزراوەیەکی ئەڵمانییە و گرنگی بە ئەمنیەتی زانیارییەکان دەدات، کاریان لەسەری کردووە.